پوختەیەك لە پەیامی تۆبەكەرانی باشور ... وەرگێرانی شەداد شەدادی

جەنابی سەماحەتی ئایەتوڵا، بە گەورەیی خۆتمان ببەخشە كە كوردین، كە هەناسە دەدەین. بۆ خاتری رەزای روحی پیرۆزتان هەزار كوردستانتان بە فیدا دەكەین. ببەخشە كە هەندێك گومڕای حەقیڕمان هەن لە ڕوویان هەڵهات ئارەزووی ئازادی دەربڕن، سەرەڕای ئەوەی تەواوی سەرداران فەرموویانە كە تاوانی وەها لە كاتی وەهادا ئەنجامنەدەن. ئەمە زڕمان پێیان گووت كە نەیكەن، نەیڕن، پەنجەكانیان ببڕنەوە بەڕام بەو ڕەنگە مڕە گاوی نەكەن، دژی ئیرادەی یەزدانییانەی ئۆوە و سەردارانی دیكە ڕەفتار نەكەن، بەڕام، ئەفسوس، بە گوێی ئەمەیان نەكرد و خۆیان گوناهباری دونیا و ئاخیرەت كرد. ئەمە پێمان گووتن كە بۆ دژایەتیكردنی ڕوویستی حەزرەتتان، ئەمەی عەبدی بۆدەسەڵات تووشی تۆفانی غەزەبی ئیلاهیی دەكەن، بەڕام بۆ خاتری دەڕوونی شەیتانەنشینی بیماریان هەر كردیان.

ئەی قەومی كەراماتی نەبەویی شەریف، ئەمە بە ئازادی خۆمان خۆمان بە فیدای خاكی بەرپۆتان دەكەین. لەعڕاقێكی واحید و موحەدا دەبین بە خزمەتكارێكی مووچەخۆری زەلیل، دەبین بە مەوماڵات، دەبین بە دیواری زەردەهەگەاوی توالێتی مزگەوتێكی بەغا. ئەمە ڕق و كینە و جەنگ و تۆڵە و تووندوتیژی نازانین لە هەمبەر زاتی عەروبەویتاندا، بەكو بلورێكی بڕخەوشی خەجاڵەتیین و بۆ ئەبەد دەستلەسەر سینگ، نیگاشكاو، سەردانەویو، دەمتڕپیو، ڕەزیلی ئومەتی عەرەبیین. كە لە داریشمان دەدەن، گریانی ئەمە بۆ مافی ئۆوەیە. لە هەمان كاتیشدا، ئەگەر كۆە كوردێك، كچە كوردێك، گەرمیانێك، چیایەك، ئەوەنێك زات بكا بە داگیركەر و ئیمپریالیست ناوی پیرۆزی عەرەبتان ببا، ووردوخاشی دەكەین. دەست و قاچتان ماچ دەكەین مڵەت بفەرموون كە سەریان بخەینە ژێر زنجیری تانكەكانی فتوحاتە شەریفەكانتانەوە كە نوور بە جیهاندا بڵاودەكەنەوە.

جەنابی سەردار و سەروەری دەوڵەتداری موقەدەسزوبان، ئەی شمشێری عەدالەتی عەرەبیی و، سێبەری زاتی موعەزەمی ئیلاهیی، بمانبەخشە كە هەندێ گومڕای سەفیل و سەخیفی كوردان زاتی ئەوەیان كرد ئارەزووی سەربەخێیی دەربڕن. تا ڕۆژی حەشر پەشیمانین و هەزار جار گوومان

خوارد که ڕێگەمان دا که بە فیت و فیتنەی شەیتان ئەمەش ئاوەها گوناهبار بکەن. فەرمانەوای خاوەنشکۆ، جەنابی فەرماندەری راستەقینە، لە ئەمە ببووڕێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە کوردی گوومان خواردووە، بەڵام دەستمان دامێنت باوەڕ بە بەنی قەومەکەمان مەکە، ریسوایان بکە، بیانکە بە پەند، خوێنیان بڕێ زەوی و سەروەت و سامانی هەموو زەویش بڕێ تۆ. یەك تکا کە هەمانە ئەوەیە بە چاوێکی تر لە ئەمە بڕوانی. ئەمە تۆپەرستین، ئەوان خەوارج و شعوبەوی. ئەمە تۆمان بە سەردار دەوێ و خواستی سەروەریی کوردان هەواڵەی جەهەنەم دەکەین. یەك یەك دەبین بە سەگی بەردەرگای پیرۆزی دەسەڵاتی دەوڵەتسالارت بەس تکەای ئەو کوردانە تەواو بکە کە باسی خودسەروەریان کرد. ناموسمان بڕێ تۆ، بەس شکانی ئەوانمان بدەرێ. چارەنووسمان بڕێ تۆ بەس ریسوایان بکە. کەرکوکمان بڕێ تۆ بەس خۆت سەردارمان بە و ناچاری ئەوەمان مەکە ڕۆز لە ڕەشووتکی کورد بگرین. سلێمانی و زاخۆشمان بڕێ تۆ، بەس خۆت، وەکو باوکێکی بەبەزەیی، مووچەیەکمان لە بەغاوە بڕێدە با چیدی ناچاری ئەوە نەبین کە ببین بە هاوخوانی هەتیوێکی کورد. بەرماوەی تووتکە سەگێکت بە مووچە بڕێ ئەمە زادە، تەپەروکە، شەرەفە.

ئەی ئەوانەی دەوڵەتداریی و عەرشداریێتان لێ جوانە، ئەی سەمیح و ڕەحیمەکانی ناوەندی شەهامەت و مەبەندی ئیجلال، ئەمە عەبد و جاریيەی ئێوە، بەس بمانکەن بە خاوەنی نیگایەکی ڕووخساری ڕەزامەندتان. بڕێ تاقە ئافەرێنەك لە زمانی شەرەفمەندتانەوە، بەنی قەومی حەقیمان کونبەدەر دەکەین ئەگەر لە ئەشکەوتی چیاکانیش بن. زنجیریان لە پێ دەکەین و ڕەوانەی بازاڕەکانی کوفەیان دەکەین.

تۆبە لە گوناهی ئەوانەی شەریك بڕێ زاتی دەوڵسالارتان دەدزنەوە. تۆبە لە گوناهی ئەوانەی کە دەڕۆن کورد عەبدایەتی و جاریایەتی پێخۆش نییە، تۆبە لە گوناهی دەربەینی ئارەزووی ئیمانەوێنی سەربەستی.هەر شتێك لە ناوەندەوە بێت، ئەگەر ئاگر و ئافاتیش بێ، ئەمەی عەبدی زەلیل، کەیفخۆشین بە فەرمانداریێتان و شوکرین بە بەشمان.

ئەرمان ڕۆبن، ژیان و بەرهەمەکانی

پێشەکی و وەرگێڕانی لە فەڕانسەوییەوە بۆ کوردی: زانکۆ یاری
بەکالریۆسی زمان و وێژەی ئینگلیزی

ئەرمان ڕۆبن (Armand Robin)،شاعیر، وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووسی فەڕانسەوی، ١٩ی ڕەبەندانی ١٩١٢ی زایینی لە گوندی "پلۆگوورنۆقل"ی(1) باکووری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە لەدایکبووە. ئەرمان ڕۆبن دوایی ماوەیەک بۆ شاری پاریس کۆچ دەکات، بەڵام ناتوانێ بۆ هەمیشە لەوێ نیشتەجێ بێت و لە ساڵی ١٩٣٤دا بەرەو وڵاتانی یەکیەتی شۆڕەوی ڕۆدەکەوێت، لەوێدا بوو بە یەکێک لە ڕەخنەگەرانی دیکتاتۆری شۆڕەوی و پاشان کە خۆی ئامانج و ڕاستییەکانی کۆمۆنیزم دەبینێت، دیسانەوە دەگەڕێتەوە فەڕانسە.
ڕۆبن لە ماوەی شەڕی جیهانی دووەم و داگیرکردنی وڵاتی فەڕانسە لە لایەن ئەڵمانیا پێشکێشکاری ئادیۆ بووە. لە دوای خوێندنی بۆ فڕبوونی زمان، بە سەر ٢٦ زمانی دەرەکی زاڵبووە و کتێبی چەندین نووسەری وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فەڕانسەوی وەکوو: شێکسپیر (لە ئینگلیزییەوە)، سێرگەی یەسنین، بلۆک و بۆریس پاستێناک (لە ڕووسییەوە)، ئەندرە ژێدی (لە مەجارییەوە)، ئادم میتسکیەویچ (لە لەهستانییەوە)، جوزیە ئۆنگارتی (لە ئیتالییەوە) و تۆ فۆ (لە چینییەوە) و چەند کتێبی دیکە لە زمانەکانی؛ فلاندری (زاویەک لە وڵاتی بەلژیک)، ئەڵمانی و عەرەبی، ئیسپانیایی و کالمۆک (باکووری ڕۆژئاوای ڕووسیە). ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٤٥دا تێکەڵی یەکێتی ئاژاوەخوازی فەڕانسە دەبێت و لەو ماوەیە کتێبی شێعری "شێعرە نەخوازراوەکان"(2) چاپ دەکات و پاشان کتێبی "وشەی هەڵە"(3) کە مکانیزمی پڕپاگەندەی وڵاتە توتالیتاریزمەکان تاوتوێ دەکات، دەنووسێت. لە ٢٧ی خاکەلێوەی ١٩٦١، ڕۆبن بە هۆی نەبوونی بەگەی خۆناسین لە لایەن هۆزی پۆلیسەوە دەس بەسەر دەکرێ و سێ ڕۆژ دوایی ئەوە (٣٠ی خاکەلێوە) بە شێوەیەکی نادیار و سەرسوڕهێنەر لە نەخۆشخانەی "پاریزانی"(4) شاری پاریس ژیانی کۆتایی پێدێت.
هەندێ لە بەرهەمەکانی:
شێعر:
١ ـ ژیان بە بێ من، ١٩٤٠ ((Ma vie sans moi
٢ ـ شێعرە نەخوازراوەکان، ١٩٤٥ ((Poèmes indésirables

٣ ـــــ دەنگـــی دونیـــا، ١٩٦٨ (Le Monde d’une voix, Éditions Gallimard)
٤ ـ پارچە شەعرەکان، ١٩٩٢ (Fragments, Gallimard)
٥ ـ سووڵی لە دایکبوونی وڵات، بەشی هاوبەش، دوایین چاپی؛ ٢٠٠٠ (Le cycle du pays natal, La Part Commune)
وەرگێڕان:
١ ـ شەعرەکانی ئەندرە ئەدی؛ ئاستانە، ١٩٤٦ (Poèmes d’Ady, Le Seuil)
٢ ـ شەعرەکانی بۆریس پاستێناک، ١٩٤٦ (Poèmes de Boris Pasternak)
٤ ـ (شەعرە) چوارینەکانی ڕووسی، ١٩٤٩ (Quatre Poètes russes)
٥ ـ شەعری بێ تەرجمە، ١٩٥٣ (Poésie non traduite)
٥ ـ شەعری بێ تەرجمە ٢، ١٩٥٨ (Poésie non traduite)
٦ ـ چوارینەکانی عومەری خەیام، ١٩٩٥٨ ((Rubayat d’Omar Khayam
٧ ـ هاوسەرانی گیلارد لە (قەڵای) وینزری
ئێتڵەی شەکســـــپیر، ١٩٥٨ (Les Gaillardes Épouses de Windsor et Othello de Shakespeare)
٨ ـ پاشا لیری شەکسپیر، ١٩٥٩ ((Le Roi Lear de Shakespeare
٩ ـ نووسراوە لە بیرچووەکان، ١٩٨٦ (Écrits oubliés II, Ubacs)
ڕۆمان:
١ ـ کەش و هەوا، ١٩٤٢ (Le Temps qu’il fait)
ئادیۆ:
١ ـــ لـە شـایی جەژنـی ئیسـتەردا، ١٩٨٢ (Pâques fête de la joie, Calligrammes)
٢ ـ شەعری بێ پاسپۆرت، ١٩٩٠ (Poésie sans passeport, Ubacs)
وتار:
١ ـ مرۆڤێک بە کورتە چیرۆک؛ کەشە و هەوا، ١٩٨١ (L’homme sans nouvelle, Le temps qu’il fait)
٢ ـ شارەزایی لە سەر وشەی هەڵە، ١٩٩٠ (Expertise de la fausse parole, Ubacs)
3 ـ نامەیەک بۆ ژان گوهێنۆ، نامەیەک بۆ یۆس سوپرویاڤ؛ دوایین چاپی لە کتێبفرۆشی نارس، ٢٠٠٦ (Lettres à Jean Guéhenno, Lettres à Jules Supervielle, Librairie La Nerthe)

بەشێک لە شەعری “شەعرە نەخوازراوەکان”

On supprimera la Foi
Au nom de la Lumière,
Puis on supprimera la lumière.

On supprimera l’Âme
Au nom de la Raison,
Puis on supprimera la raison.
On supprimera la Charité
Au nom de la Justice,
Puis on supprimera la justice.
On supprimera l’Amour
Au nom de la Fraternité,
Puis on supprimera la fraternité.
On supprimera l’Esprit de Vérité
Au nom de l’Esprit critique,
Puis on supprimera l’esprit critique.
On supprimera le Sens du Mot
Au nom du Sens des mots,
.Puis on supprimera le sens des mots

بە ناوی نوور
ئیمان لە ناو دەبەن،
پاشان نووریش
بە ناوی ماف
□□ح لە ناو دەبەن،
پاشان مافیش
بە ناوی دادپەروەری
خ□رخوازی لە ناو دەبەن،
پاشان خ□رخوازیش
بە ناوی برایەتی
ئەوین و□لا د□نێن،
پاشان برایەتیش
بە ناوی □ەخن□
راسی ب□ر□و لایەک و□□ د□کەن،
پاشان □ەخن□یش
بە ناوی چەمکی وشەکان
واتای وش□ ب□ لای□ک□و□ د□نێن
لە دوای ئەوەش چەمکی وشەکان.

.……

پەراوێز:

Plouguernével -1
2- Poèmes indésirables
3- La Fausse parole
4- Parisian

سەرچاوەکان:

Armand Robin” The Anarchist Encyclopedia: A Gallery of“ -1
Saints & Sinners, January 2006 Archived May 27, 2008, at the
Wayback Machine., retrieved on September 27, 2008.
2- http://www.armanrobin.org/txtpi.html [accessed on August
6th, 2017].
3- http://www.Gallimard.fr/catalogue/poesie-voix.html
.[[accessed on August 6th, 2017

(ئەم وتارە لە لاپەڕەی 46ی گۆڤاری مەهاباد، ژمارەی 199/198، ساڵی حەڤدەهەم/ خەزەڵوەری 2717،چاپ کراوە)

کاتالۆنیا و ڕۆگەی ساختی سەربەخۆیی … شاخەوان شێش

کاتالۆنەکان پێیانوایە ئەوان ناسیۆنەکی سەربەخۆن و نارەوا لە ساڵی ١٧١٤ دا خراونەتە ژێرچنگی سپانیا. هەنگاوە گرنگەکانی خەباتی سەربەخۆییان لەدوای نەمانی فەرمانڕەوای دیکتاتۆر فرانکۆ لە ١٩٧٥ دا، لە ساڵی ١٩٧٩ وە دەستپێدەکات کە جارێک لە خەبەرەوبەریان پێدرا. لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دەسەڵاتی زیاتر بە دەسەڵاتی بەیوبەری کاتالۆنیا دەدرێت. لە ساڵی ٢٠١٠ هەندێ لە دەسەڵاتەکانی لەلایەن دادگای دەستوریی سپانیەوە لەدەستدرێتەوە. لەدژی ئەوە بەسەدان هەزار دەرژێنە سەر شەقامەکان و بە سەربەخۆیی خۆپیشاندان دەکەن. لە ساڵی ٢٠١٢ دا زیاتر لە یەک ملیۆن کەس خۆپیشاندان بە سەربەخۆیی دەکەن. لە ساڵی ٢٠١٤ دا دەسەلاتی کاتالۆنیا گوێ بە سپانیا نادا و گشتپرسیەکی سیمبۆلی ئەنجام دەدا و ٨٠ لەسەدا دەنگ بە سەربەخۆیی

دەدەن، بەڵام ڕەژەی بەشداربووان تەنها ٣٧ لەسەد بوو.

دەسەاتی خۆبەڕێوەبەری کاتالۆنیا مەبەستی جیابوونەوەیە، بەڵکو دەسەاتێکی ڕەوا و هەڵبژێردراوی خەڵک لە ڕێگەی پەرلەمانەوە لە مانگی ژونی ٢٠١٧ بەیاری ریفەراندەمی پەسندکرد و پرسی مافی چارەنوسی خستە بەردەم گشتپرسی لە ١ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا. گشتپرسی کرا و ٤٢% لەسەدای دانیشتوان بەشداریان کرد، لەوانە ٩٠ لەسەدا دەنگیان بە جیابوونەوە و سەبەخۆیی دا. ڕەژەی بەشداربووان کەمترە لەسەدا ٥٠% ی ڕەژەی دانیشتوانان، ئەوەش ئاماژەیە بەوەی کە خەڵکێکی زۆر سەبارەت بە جیابوونەوە دووددڵبوون یا لەبەر هۆکاری دیکە نەیانویستووە بەشداری گشتپرسیەکە بکەن. دیارە ژمارەیەکەی زۆری سپانی لە کاتالۆنیادا دەژین. لەگەڵ ئەوەی سپانیا بەهەموو شێوەیەک دژی جیابوونەوەیە، کاتالۆنیا هەوەی جیابوونەوە لەڵگەی دایەڵگەی دیموکراسیاندا دەدات.

کاتالۆنیا هەرەمەکە لەو ١٧ هەرەمەی کە دەسەاتی خۆبەڕێوەبەریان لە سپانیادا هەیە. خاکەکەیان بەسەر ولاتی دیکەدا دابەش نەکراوە، بەڵکو کەشکە تەنها پێوەندی بە سپانیاوە هەیە. سپانیا دەسەاتێکی دیموکراسی هەیە، هەروەها کاتالۆنیا دەسەاتی دیموکراسی هەیە و گەلەکی پشکەوتووە. لە ڕوانگەیەکی دیموکراسیانەوە دەسەاتی کاتالۆنیا بەهێز لەبەرئەوەی هەڵبژێردراوی خەڵکە و پشتگیری خەڵکی هەیە. کەشەی ئەتنی لەناو کاتالۆنیادا نییە و ناکۆکی رامیاری نادیموکراسیانە لەوەدا نییە. کاتالۆنیا مەرجی سەرکەوتوویی لە بەرەوبردن و ئاستی ناوخۆییدا سەماندووە، خاوەن دامەزراوە بەرەوبەری و جڤجڤکاریەکانە لەسەربنچینەیەکی ڕەوا و دیموکراسیاندا. دەسەاتی دادوەری سەربەخۆ و بە دەستوەردانی دەسەات دەتوانی کارە دادوەریەکانی ئەنجام بدات. باری ئابووری باش و توانای خۆدروستکردنەوەی هەیە، ئەگەرچی لە جیابوونەوەدا زیانی بەرایی بەردەکەوێت، بەڵام واچاوەوان دەکرێت کە دەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ. پەرلەمان دەسەلاتی بەیاری لەسەر پرسە چارەنوسسازەکاندا هەیە. بەنمونە بەیاری ریفەراندەم و سەربەخۆیی پەرلەمان دەریکرد. هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا دەکرێن و ئاوەڕی دەسەات دیموکراسیانە ئەنجام دەدرێت. بوونی ئەو فاکتەرانە کە بەهێزی کاتالۆنیا لە ئاستی ناوخۆییدا وەنەدەکەن وادەکەن کە ئەگەر جیاشبێتەوە ئەگەری سەرکەوتنی وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ هەیە. هەروەها لەبەر ئەو هۆکارانە ئەگەرەکانی دانپێنانی نێونەتەوەیی بە ولاتی سەربەخۆی کاتالۆنیا ریالیستانەن. ئەو ئەگەر لە هەوەی

سەربەخۆیان سەرکەوتن.

کۆشکانی کاتالۆنیا لە نکۆلیکردنی سپانیادا خۆی دەدزیتەوە. لە دەستوری سپانیادا مافی چارەنوسی گەلی کاتالۆنیا نەنوسراوە و ئەو مافیان دەستوریانە نەدراوەتە. لە دەستوری سپانیادا نوسراوە کە سپانیا یەکە و پارچەنابەزە. دادگای دەستوری سپانیا رەتی ریفراندەم و ئەنجامی ریفراندەم دەکاتەوە و بە نادەستوری دادەنێ. بەمجۆرە حکومەتی سپانیا دژی جیابوونەوەیە و هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی کاتالۆنیا لە رێگەی ئارتیکلی ١٥٥ـەوە دەدات. دەسەڵاتی سپانیا هەموو هەوڵێک دەدات تاکو سپانیا بەیەکگرتوویی بهێڵێتەوە، هەروەکو باسکەکان لە زووەوە هەوڵی جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەدەن. بە ئەوەی بار بە پێکدادان بگیرێت، پۆستە دانوستان و گفتوگۆ بکرێت و لە رێگەی دایالۆگەوە کۆشکان چارەسەر بکرێن. یەکێتی ئەورووپا دەتوانێ ڕۆڵی گرنگ لەو بارەیەوە بگێڕێت، بەڵام واپەدەچی یەکێتی ئەورووپا زۆر ئارەزووی جیابوونەوەی کاتالۆنیا ناکات.

لەراستیدا کێشەی کاتالۆنیا سەختە، بەڵام ئەوان وەکو گەلێک خۆیان بە سپانی نازانن و بە مافی خۆیان دەزانن چارەنوسی خۆیان دیموکراسیانە دیاربکەن. سپانیەکان بەپێی بڕژوەندی ناسیونالیستانەی سپانیا دەستوریان نوسیوەتەوە. سەپاندنی بڕژوەندی نەتەوەی بااڵدەست کە لە دەستوردا چەسپێندراوە بەسەر نەتەوەی کەمینەدا پێشێلکردنی مافی نەتەوەی کەمینەیە. هەر کەمینەیەک ئاگەر مەرجەکانی نەتەوە پێکاتەوە، مافی ڕەوای خۆیەتی وەکو ناسیۆنێک ڕەتی دەستوری سپێندراو بکاتەوە و ناسیۆنبوونی خۆی ڕابگەیەنێ. بەیەکەوەژیان لەسەربنجینەی ئارەزوومەندی و پەسندکردنی بەرابەر بەدیدەهێندرێت، ئاگەر نەتەوەی زۆرینە لەژێرناوی پیرۆزی یەکێتی خاکەدا هێگری لە ئازادی نەتەوەی کەمینە لە بریاری چارەنوسدا بکات، بنەمای بنچینەیی بەیەکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی ئازاد ناهێڵێت. بەیەکەوەژیان فەرمی ئارەزوومەندی خۆی لەدەستدەدات و دەچێتە خانەی سەپاندنی مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا. ناچارکردنی کەمینە بە مانەوە ناکەکی ناوخۆیی دروستدەکات، ئاگەر دەسەاتی زۆرینە لەجیاتی مسۆگەرکردنی مافی کەمینە لە دەسەات و سامانی وەاتدا، پالیتیکی پەراوازکردن بگرێتەبەر، نکۆلی لە مافیان بکرێت و داواکانیان پشتگوێ بخرێت.
لە بارەکدا کە کاتالۆنیا سەربەخۆیی راگەیاندووە، سپانیا وەکو وەاتەکی بەهێزی ئەورووپا دژە، کۆشکان لەڕووە دەستپەدەکەن و بڕوەهێکشان دەچن. ئایا سپانیا دەتوانێ کاتالۆنیا بخاتەوە

ژەرچنگی خەی و دەسەاتی بەرەوبەری کاتەلەنیا هەوەشنەتەوە؟ یا ئایا کاتەلەنیا دەتوانە بەربەستکان تەپەنە و بگاتە سەربەخەیی؟ دواەژ پەشانمانی دەدات. بەهیوای سەرگرتنی سەربەخەیی کاتەلەنیا.

27-10-2017

کەرکوك لە شا ئیسماعیل سەفەوییەوە بۆ حاجی قاسم سلێمانی … عەلی مەحمود محەمەد

548 ساڵ لەمەوبەر تورکمانە سونییەکان لە رۆگای سوپای ئاق قۆینلوەوە هاتنە کەرکوك پاش داگیرکردنی عێراق, دوای 39 ساڵ لەو مۆژووە سەفەوییەکان بە سەرۆکایەتی ئیسماعیل سەفەوی کەرکوك داگیرە کەن بە بۆ شەو و تورکمانە شیعە قزڵباشییە تورکمانەکان دێنە ناوچەکەو جێگیر دەبن تیایدا, دوای 26 ساڵ کۆتایی بەدەسەاتی تورکمانە قزڵباشیەکان " شیعەکانی ئێستا" هات, لە ساڵی 1534 کەرکوك گەایەوە ژێر دەسەاتی عوسمانییەکان تا داگیرکردنی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە جەنگی جیهانی یەکەم بەردەوام بوو, دوای 483 ساڵ لە یەکەم داگیر کاری لە لایەن قزڵباشییەکانەوە, جارێکی دیکە ئێرانییەکان لە رۆگای قاسم سلێمانییەوە لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017دەگەڕنەوە شاری کەرکوك وەك براوەیەك, لە قۆناغی دووەمدا پێشبینی ناکەم مانەوەیان وەك قۆناغی یەکەم درێژ بێت و 26 ساڵی دیکە بەردەوام بێت.
لە گەڵ هەڵدانی ئاڵای کوردستان لە شاری کەرکوك وتمان هەڵەیە, کە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بڕیاری ریفراندۆمی دا, زانیمان تەڵەیەکی ترسناکەو کوردە دەکەوێتە تەڵەی کەرکوکەوە, چونکە پێکهاتەی دیمۆگرافی شارەکە , ئەوە نییە لە رۆگای نمایشی تەلەفزیۆنی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاوە یەکلا بکرێتەوە, رۆژەکانی پێش و دوای ریفراندۆم زێر تەڵەی شەڵی نەتەوەیی لە شارەکە نرایەوە باش بوو کەس تێی نەکەوت, هەرچەندە هەموو بۆمب هاویشتنەکان دەستکرد بوو, دەیەویست سەرجەم نەتەوەکان بسوتێنێت

نەك کەسی دیاری کراو, بۆمبەکان تەقەیەکی مەترسیدارتر بوون لە کارەساتەکەی 16ی ئۆکتۆبەر.

کەرکوك شارێکی کۆسمپۆلیتیە نەك نەتەوەیی, ئەوەی هەر یەکە لە نەتەوەییە کوردو تورکمان و عەرەب و شیعەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بە بۆ شەی نەتەوەیی و قۆکردن نایاتە دی, بە پێی ئاماری ساڵی 1957 کە ڕێکترین و گونجاوترین ئاماڕە تا ئێستا ئەنجام درابێت, پێکهاتەی شارەکە وەك پارێزگا بەم شێوەیەی خوارەوەیە: کورد"187592 ″ 48,2%, عەرەب"109630 ″ 28,2% و تورکمان"83371 ″ 21,4% ی پێکهاتەی شارەکەپێك دەهێنن, ژمارەکەی دیش سریان و ئەوانی دی, هەرچی ناوەندی شارە عەرەب 27127.کورد40047 و تورکمان 45306 و کلدان و سریان 1509 پێك دەهێنن, واتا وەك پارێزگا کورد یەکەمە, وەك ناوەندی شاری کەرکووك تورکمان لەو کاتە زۆرینە بووە, وەلێ کێچی هاووڵاتیانی لادێ بۆ شار لە قۆناغی سەرمایەداری کە لە دوای ساڵی 1958 بە هۆی بنج داکوتانی سستەمی سەرمایەداری و کۆتا کردنەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە.
کەرکووك لەبەر ئەوەی هۆمای تێکۆشانی سیاسی ناسیۆنالستەکانی کورد و تورکمان و شیعەکانە"بەهۆی بوونی مەزاری 3 ئیمامیان زەین عابدین و ئیمام قاسم و ئیمام عەباس" بۆیە هەستیارە بۆ نیشتەجێ بوونی خەڵکی دەرەوەی پارێزگاکە, واتا کەرکوك شاری کۆسمپۆلێتی داخراوە بۆ هاوڵاتیانی خۆی, نەك هاووڵاتیانی دەرەوەی پارێزگاکە کە بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی شارەکە بۆی دێن.

ئایا دەستیان لە کەرکوك هەڵگرت؟

ئەگەر شەڕو پەلاماڕەکانی قەرەتەپەو جەلەولا لە ساڵەکانی 2008 بە دواوەو شەڕە بەردەوامەکانی دوزو هەڵەشەکان فەریق روکن عەبدائەمیر زەیدی سەرکردەی تیپی دجلە بۆ گەڕانەوە بۆ ناو کەرکوك بە تەواوی لە بیری خۆمان ببەینەوە بیکەینە مۆژوو,لێرەوە دەست پێبکەین کە کەرکوك شارێکی هەستیارە بۆ زۆرینەی پێکهاتەکان"کورد, تورکمان شیعەو سونە, عەرەب شیعەو سونە", بۆیە دەست بردن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە تەواوی پارێزگاکەو بایکۆتکردنی لە لایەن تورکمان عەرەبەوە بۆ خۆی پرسەکەی خستە ژێر پرسیارەوە, بۆیاردان لە ئەنجامدانی ریفراندۆم لە شاری کەرکوك بە تەواوی پارێزگاکە هەڵەیەکی کوشندە بوو, دەبوایا لەوپەڕی بەشکی شارەکە ئەنجام بدرابایا,دەتوت حکومەتی کوردستان روسیایەو ریفراندۆم لە قرم ئەنجام دەدات, لەشکری سورو یەك لەسەر شەشی خاکی جیهان لە پشتێتی.

دەبوایا چارەنوسی شاری کەرکوك بە پێی دەستور لە ساڵی 2007 یەکلا بکرابایاتەوە, وەلێ لە 2017ەش حکومەتی عێراقی رازی نەبوو, جارێکی دیکە گفتوگۆ لەسەر چارەنوسی کەرکوك بکاتەوە, لەو کاتەی کورد خەونی بەوە دەبینی کەرکوك بکاتە پایتەختی وڵاتەکەی, کەچی عێراق بە جێبەجێکردنی مادەی 140 رازی نەبوو, بەردەوام کات دەکوژێت بێ ئەوکاتەی کۆتایی بە کێشەکانی لە گەڵ سونە دەهێنێت و هێزە نیمچە لیبرالەکانی عێراق زیاتر پەراوێز دەکات, نەك مادەی 140 جێبەجێ ناکات, بەڵکە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە فیدرالیەتی کوردستان بەهێزو بچوك بکاتەوە.
چەند رۆژێك پێش ریفراندۆمەکە دادگای کارگێڕی عێراق هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی لە کەرکووك هەڵوەشاندەوە, پێشتریش ویستی بڵێتەوە ئەو سەربازگایانەی کە لە ساڵی 2014 بەجێی هێشتبوو, هەرچەندە گەڵانەوە بێ ئەو سەربازگایانە بە بونی شەڕی داعش بێ ئەو گرنگ نەبوو, پێی باش بوو هەڵیبگرێت بێ دوای شەڕی داعش بە تایبەتیش دوای گرتنەوەی حەویجە, بۆیە کردییە دوا ویستگەی شەڕی خۆی بەرامبەر بە داعش.

لەو داواکاریییەی هێزە ئاسایشەکانی عێراق کە ئاراستەی هاووڵاتیان کرا لە چەند رۆژی پێش هێرشەکەی 16ی ئۆکتۆبەر تیایدا نوسراوە: زۆر چاوەڕوانمان کرد بێ گەڵانەوە بێ کەرکوك, کەواتا ویست کێنتر بوو لە ریفراندۆم بێ گەڵانەوە بێ شاری کەرکوك ئەگەر ئاشتیانە بێت, داگیرکردنی لە بارودۆخی شەڕدا,حەسەن تۆران جێگیری سەرۆکی بەرەی تورکمانی رۆژی پێش هێرشەکەی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 وتی : سەپاندنی دەسەڵات بەسەر پارێزگای کەرکوك و بیرە نەوتەکان پەیوەندی بە ریفراندۆمەوە نییە, پێش ریفراندۆم داڕژرابوو,بەرپرسێکی باڵای نزیك لە حەسەن روحانی سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بە شەرق ئەوسەتی وت : رۆگا نادەین کوردەکان لە رۆگای نەوتی کەرکوکەوە بچنە بازاڕی نەوتەوە, هەرچی ماڵپەڕی ئەلمۆنیتەرە وتی "قاسم سلێمانی نەیشاردەوە لە زوەکەوە حەشدی شەعبی و حکومەتی عێراق بە نیازی پەلاماری کوردستانن, هاوپەیمانی نیشتمانیش هەمیشە رۆگریان دەکرد لە جێبەجێکردنی مادەی 140, حەنان فەتلاوی راشکاوانە وتی 10 ساڵە رۆگری دەکە... هەموو ئەمانە دەریدەخەن کەرکوك ناوچەکانی دیکە هەر یەکەی بە پێی گرنگییەکەی لە روانگەیەکەوە , شەنگار لەبەر هیلالی شیعییەکەی, داقوق لە بەر مەرقەد و پیرۆزییەکەی, تازە لەبەر خەڵکەکەی و نزیکی لە شاری کەرکوکەوە ... یەك دەقەش لەبیر نەکرابوون, هەموو خەونەکان بێ گەڵانەوە بوو بۆیان, لە بەیانامەیەکدا ئاژانسی پاراستن و زانیاری –زانیاری هەرێمی

کوردستان دەڵێت ئەوەی دەگوزەرێت بەشکە لە رکەوتنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغا لە ساڵی 2016 کە پەیمان لە نێوانیان مۆر کراوە, پێشمەرگە بکشێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی لە پێش 9ی حوزەیرانی 2014 لێی بوونە,کەواتا ویستراو لە رگای ریفراندەمەوە خۆ لەو ترسە رزگار بکرێت,کەچی کەوتنە تەەکەوە, تەەیك ئێستاش نەبوایا لە پێش هەبژاردن خولێك لە شەێ پێویست بوو بۆ عەبادی بۆ دەرچونەوەی لە هەبژاردنەکانی مانگی ئازاردا.

بەام ریفراندەم تورکیای کردە نەیاری پارتی و هەرێمی کوردستان و رژئاواش وەك منا ێکی لاسال سەیری کوردی کرد, ریفراندەم نەبوایا حکومەتی عێراقی ئەم هەموو پاکێجەی لە یەك قناغدا داوا ناکرد, ریفراندەم دێسیەیەکی گەورە بوو, بەام کورد خاوەند حیزب و سەرکردەی عەقێ بچوك بەهێی ئەوانیشەوە پەرت و بێاو یەکنەگرتوو لە ئاستی پرسەکەو کاردانەوەکانیدا نەبوو, هەرچەندە شەوی 25ی مانگ و رژانی پشتر پەرلەمان و سەرجەم پارتە سیاسییەکان و کەسە یەکەمەکانیان خیان یەکلا کردەوەو هەموو بە بە ێ دەنگیان دا لە ژێر پاەپەستێی شەقامدا, تەنانەت لە ریفراندەم هێرخان چووە کەرکوك دەنگی دا, هەرچەندە پوچەکردنەوەی ریفراندەم لە دەستپێکی بانگەشەکە لە لادانی وێنەی تاەبانی و بارزانی لە شەقامەکانی سلێمانی, تا هەوێی ئەنجامنەدانی ریفراندەم لە کەرکوك و کشە نانەوە لە ماوەی 22 رژی دوای ریفراندەم هەموو لوغمی زێر گەورە بوون لە بەردەم پرسەکە, ترسناکتر لە هەەشەی وێاتانی ناوچەکە.

ئێستا سێ کردن یان هەوەشاندنەوەی ئەنجامی ریفراندەم خەونە, ریفراندەم ویستی ئازادانەی خەکە لە ویژداندا چەسپیوەو ژمارەکە چووە مژوەوەبە هیچ هەناوەشتەوە.
حکومەتی عێراق جەخت لەسەر داخوازەکانی رابردووی خێ دەکاتەوە لە هەر گفتوگێیەك پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق, رزگرتن لە دەستور بۆ نەتەوەی ژێر دەست, دەسەاتی حکومەتی فیدرایی بەسەر دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان,سامانە سروشتییەکان , هێزی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکان, کەمکردنەوەی بودجەی هەرێم بۆ 12% لە زرترین حالەتدا 13% و دابەشکردنی موچە لە رگای ئەنجومەنی پارزگاکان و دانی تەنها موچەی 600 بۆ 680 هەزار کەس و بینی موچەی نزیك بە 60%ی موچەی موچە وەرگران,…. ئەمانەش هەموو بۆ ئەوەی هەموو دەسەات و هەیبەتکی هەرێم نەهێشت, واتا کورد خاوەنی هیچ نەبێت, جگە لە مەجلس تەشریعی و تەنفیزییەك لە ناو هەمان تەلاردا بە دەسەاتەکەی ئەوکاتەوە.

داگیر کردنی کەرکوك

حەشد لە دوزو تاوغ و تازە و بشیر بوون و کۆنترۆڵی تەواوی تازەو بشیر لە ژێر دەستیانا بوو پێش 16ی ئۆکتۆبەر, کە تەنها چەند کیلۆمەترێك لە ناوەندی شارەوە دور بوون, کەچی ئەو شارچکانە ریفراندۆمیشیان بۆ ڕکخرا لە کاتکدا سندوقی دەنگدانیان بۆ دانەندرابوو.
دووشەمە رەشەکەی 16ی ئۆکتۆبەر, سەنگەرە بەهێزەکانی پێشمەرگە کە 3 ساڵ زیاتر بوو تیایدا شەڕی داعشیان کرد لە کەرکوك و نەیانتوانی بیبەزێن ,ئەو بەرە بەیانە سەری ترامپ و قاسم سلێمانی لە مەنجەڵکدا کۆکردەوە, هەر لایەنەیان لە قۆڵکەوە خەریکی دانوساندن بوون بە مەرجی خۆیانەوە, ماکڕگ دەیەویست تەقە دەستپێنەکات بۆ ئەوەی پێشمەرگە رازی بکات بۆ گەڕانەوەی سوپای عێراقی بۆ کی 1, حاجی قاسم سلێمانیش گۆڕپی سەوزی بۆ عەبادی هەڵگرت بۆ پەلاماردانی کەرکوك و پوچەڵ کردنەوەی هەوڵەکانی مەکڕگ, گۆڕپ بە دەستی حاجی قاسمەوەو فرمان لە گیرفانی عەبادی فەرماندەی هێزە چەکدارەکان بوو , لەوکاتانەی سەرانی پدك و ینك لە دوکان کۆدەبونەوەو دەستیان لەناو دەست یەکتر بوو, هەندێکیان دەستەکانی دیکەیان لەناو دەستی سەنگەرەکانی بەرامبەریان بوو, واتا لە دوکان کۆبونەوە دەکرا,کەچی دەستێکی دیکە لەناو دەستی بەغدا بوو لە قۆڵکی دیکەوە مفاوەزات دەکرا, لێرەدا گرنگە شتێك باس بکەین , ئەوەی کرا شاراوە نەبوو, بەڵکە لە دوکان تاوتوێکرا,زۆرینە ناڕازی بوون بۆی,پشتر گفتوگۆکان لە دەرەوەی شەرعیەتی حیزبی و حکومی دەستیپێکردبوو, هەر وەك پاڤێ تاەبانی دانی پێدا دەنێت و دەڵێت دوای رۆژێك دانوساندن لە گەڵ عەبادی ڕکەوتین.

ئیتر پرسیارێك لێرەدا سەر دەردێنێ, ئەگەر بمانەوێت و شیکارێکی بۆلایەنانە بکەین , ئەویش ڕکەوتنی ئەوان بە پێی هەوڵەکانی مەکگڕك بووە, یان هەوڵەکانی قاسم سلێمانی جیا بووە لەو هەوڵانە ؟؟؟, دەبێت یەکلا بکرێتەوە پەیوەندی نێوان ئەو دوو دانوساندنە چییە لە ڕۆژەکانی پێش گرتنەوەی کەرکوك, ئەمە بۆ مۆژوو و حوکم دان بەسەر کەسەکاندا گرنگە, هەرچەندە هیچ لە ئەنجامەکان ناگۆڕێت کە لە دەستدانی کەرکوکە.
کەواتە پێش پەلاماڕەکە ڕککەوتن کراوە, ئەوەی لە دوکان ئەنجامدرا و ئەوەی لە بەرەکانی شەڕ لە سەرەتادا نمایش کرا تەنها شانۆگەریەك بوو, شانۆگەرییەکە بۆ ئەو پێشەکییەش دەتوانرا نمایش بکرێت, قوربانیەکانی شانۆگەرییەکە مردنی راستەقینەی ژمارەیەك پێشمەرگەی

قارەمان بوون "84 بۆ100 شەهید دەقیق نییە کەمترە لەو ژمارەیە, ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە بڵێن لە شەڕدا شکاوین, نەك بە ڕکەوتنکی نا گرنتی دڵاو شار تەسلیم کراوەتەوە, تا ئێستا بە ناو وێنەوە بۆاونەکراونەتەوە ژمارەی شەهیدەکان چەندن؟", کە ڕك کەوتوونە ئەدی بۆ کوێی خەکتان بەکوشتدا ؟؟, یان تەنها ویستتان بە خەك بڵێن لە شەڕدا شکاوین و لە ژێرەوەش ڕکەوتن لە گەڵ ڕووە فڕۆبازەکەتان کردووە, دەست بەتاڵ تیایدا دەرچوون, بۆ ئاگا لەوەی بەغا پێویستی بە شانگەری وا نییە نمایشی راستییەکە دەکات, چونکە هەڵبژاردن پێویستی بەم چیرکانەیە, ناتانزانی حەسەن پلایس و جەماعەتەکەی ناتوانن نهێنی پارێز بن.

ئەگەر لە کەرکوك 4 کاتژمێر شەکرابێت و لە قۆناغی یەکەمدا بەغدا تەك شکابێت, ئەوا لە دوز 4 دەقەش شەڕ نەکرا, کە چەند کیلۆمەترك لە خوار بەرەی باشوری کەرکوکەوەیە و لەسەر هەمان راستە ڕێگای بەغدایە, لە خانەقین و مەرگەسۆر تەقە هەرنەکرا, لە هێرشی دووەمی سوپاو حەشد لە کەرکوك ڕکەوتنەکە جێبەجێ کراو بۆ تەقە پاشەکشەکرا, پێشمەرگە نەك بە تۆ شکاوی بەکە بە چاوی پڕ فرمێسکەوە پاشەکشەی پێکرا وەك مالکی وتی بە بۆ دەستوەردانی قاسم سلێمانی کەرکوك ناگرترایەوە, عەبادیش وتی پێشمەرگە هاوکاری هێزە هاوبەشە عێراقیەکانی کردووە نەك شەڕی کردبێت, ئیتر ئەو بەرەبەیانە پێشمەرگە زانیان دەستیان بەستراوەتەوە لە لایەن قاسم سلێمانییەوە, بۆیە کە بەرەبەیانی دنیا روناك بووەوە کە پاشەکشەیان دەکرد بە بەرچاوی هاووڵاتیانی شارەوە, بینیان پێشوازییەکەی جارانیان لێ ناکرێت .
هاشم هاشمی نەیشاردەوە کە ڕککەوتن لە نێوان پاڤێ تاەبانی و قاسم سلێمانی و هادی عامریدا بووە, کەریم نوری وتە بۆژی حەشدی شەعبیش وتی پێشمەرگە نەشکاوە بەکە هاوکاریمانیان کردووە لە شەەکە, ئیتر قسەو لێدون زۆر زۆرە لەم بوارە, دەسەاتدارنی شیعەش وەك کورد وان لە هەرچوارلاوە قسە دەکەن .

لێرەدا دەرکەوت عەرابی گرتنەوەی کەرکوك قاسم سلێمانی بوو نەك عەبادی و سوپا و حەشدی شەعبی, پرسەکەش شەڕ نەکردنی پێشمەرگە بووە نەك تکشکان, چونکە هێزەکانی بەغدا لە شەی بەراییدا تکشکان و پاشەکشەیان کرد, ئەگەر لە تکشکان بەردەوام بونایە ئەوا نەخشەکەی هاوکاری کەران جێبەجێ ناکراو حاجی قاسم سلێمانیش بە دڵاو لە یارییەکە دەردەچوو, چونکە لە گەڵ روناك بونەوەی دنیا ئیتر نیگاکان دەکەوتنە سەر شەی کەرکوك, شەڵك چەند کیلۆمەترك

لە شارێکی ملیۆنییەوە دور بوو, کاردانەوە لەسەر شەڕی کەرکوك زۆر زیاتر دەبوو وەك لە هەندێك وردە شەڕی دواتر,24 کاتژمێر شەڕیان بکردبایا, جیهان داوای راگرتنی دەکرد,ینك هێزی یەکەمی شارەکەیە تا دەگاتە خانەقین, هێزی سەربازییەکەشی هێزی سەرەکییە, بۆیە ئەو رێکەوتنە بەرەکانی شەڕی لەو ناوچەیە ئارام راگرت.

رێکەوتنی پاڤێ تاڵەبانی و حەیدەر عەبادی و هادی عامری عەراب و ئەندازیارەکەی قاسم سلێمانییە, کاری مانگێك زیاتری ئەو بوو ئەو بەرەبەیانە بەری خۆی گرت, ئەو لە پێش ریفراندۆم و دوای ریفراندۆمیش بە درۆژایی ئەو 22 رۆژە دەیەویست ئەو ئەرکە پیرۆزە جێبەجێ بکات, تەنانەت تارمایی قاسم سلێمانی تەواوی رۆژی یەك شەمە 15ی ئۆکتۆبەر لە دانوساندنەکانی دوکان بوو, ئەوەی لە 16ی مانگ رویدا سەرکەوتنی قاسم سلێمانی بوو نەك عەبادی یان تێکشکانی پێشمەرگە.
دوای رووداوەکە شێخ جەعفەر و کۆسرەت رەسول و مەلا بەختیار چەند کەسێکی بنەماڵەی تاڵەبانیان تۆمەتبار کردبە ئەنجامدانی خیانەت وکەوتنی کەرکوك و تەسلیم کردنەوەی, وەلێ لاهور شێخ جەنگی بەرپرسی ئاژانسی پاراستن و زانیاری لە کۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەنوسان لەشاری سلێمانی رایگەیاند: هیچ ریکەوتنێکیان لەگەڵ عێراق نەکردوە تەنها پێشنیازیان کردوە هێزەکانی هاوپەیمان بچەنە سەربازگەی کەیوان لەکەرکوك, وەك ئەوەی زۆرینەی بەناو ئەو 38 سەرکردایەتیەی واژیان لەسەر نامەکە کردووە, هەرچەندە ئەوانەی رێکەوتنەکەیان کردووە هیچ پێگەیەکی سیاسییان نییە لەناو ینك و رێکەوتنەکەیان بە رێگای شەرعی حیزبایەتیدا نەڕیشتووە, لە 52 ئەندامی سەرکردایەتی ینك, تەنها ئاڵا تاڵەبانی بە کەیفی خۆی ئەمسەرو ئەوسەرە کات و قسە دەکات, ئەوانی دی ئەو رۆژانە تاسا بوون, هەندێکشیان پەشیمان بونەوە لە واژکانیان بەوەی لە خشتە براون یاخود واژیان نەکردووە لەسەر نامەکە.

بە پێی قسەی ئەوانەی کەرکوکیان دابەدەستەوە, ژوری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش پێك هاتبوو لە نۆوانیان, لە راستیدا ئەو ژوری ئۆپەراسیۆنە تەنها بۆ تەسلیم کردنی کەرکوك بوو هیچی تر,دوای تەواو بوونی ئەرکەکە دواتر دەست بەتاڵ دەرکرانە دەرەوە. بە پێی رێکەوتنەکەیان بۆیاربو لیوایەکی معراقی ام جەلال بێتە کەیوان لەکەرکوك لەگەڵ هێزکی هاوبەشی ئەمریکی و بەریتانی نیشتەجێ بکرێن و بەهاوبەشی پۆلیسی فیدراڵی چاودێری دۆخی ئەمنی بکەن, پارێزگارێکی کورد دابنرێن , ئەنجومەنێکی نوێ دەستنیشان بکرێت .....وەلێ هیچی

جەبەجێنەکرا.
باش بوو ئەو ڕۆژە تیرۆری ناوخۆیی و شەڕ ڕوی نەدا, لە کەلی سکانی بە بەرچاوانەوە بانگ دەکرا کە سەربە کسرەتە و کە سەر بە ئاسۆ ئەمانییە, لەو هێزەکان جیا دەکرانەوە , ئیتر لە قۆی چیمەنەوە مەگەر خوا بزانێت چی گوزەراوە.
کەواتا کورد ئەو ڕۆژە تەنها ئەمەریکاو ڕۆژئاواو جیهان خیانەتیان لێی لێنەکرد, بەکە خیانەتی جەرگبڕ ئەو خیانەتە بوو لەناو خۆە لێیکرا, هەر ئەو خیانەتە بوو جیهانی بۆدەنگ کرد لەبەرامبەر ئەو تراژیدیانەی ڕویاندا, گرنگی ئەو خیانەتە بۆ بەغدا وایکرد هەر زوو وێنەکان بۆاو بکاتەوە بۆ ویستی هاوکاری کەرانیان و ئەوەی لە ژێر بەەیە بیهێنێتە سەر بەە دەستخۆشیەکان بگەیەنێت بە بیرو رای جیهانی بۆ هێنراینەوە نەك براوەی شەڕ بین, کە شەیش نەبێت قسە کردن لە کارەساتەکانی شەڕ بۆ مانایە.ئەمەی خوراوە دەقی ڕکەوتنەکەی بەناو سەرکردایەتی ینك ە لەگەڵ عەبادی, ئەوەی شاراوەیە ئەوەیە ئەم ڕکەوتنە کرا یان نا, کە ئەنجامی نەدا؟, هکارەکەی چی بوو؟ : " سلێمانی 14-10 بەهەی ئەو بارودۆخە هەستیارو نالەبارەی هاتۆتە ئاراوە لە ناوچە جێناکەکەکان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە گشتی و شاری کەرکوك بە تایبەتی, وە بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان نەگاتە ئاستی شەڕکی نەخوازراو لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان , کە زیانی گەورە بە هەرێم و عێراق دەگەیەنێت بۆ ئەم بابەتە کمیتەی سەرکردایەتی بڕیاریدا:-

1-سەرکردایەتی سەربازی هاوبەش لە سنوری کەرکوك پێك بهێنرێت نوێنەرانی هێزەکانی ئەمەریکا و پێشمەرگەو سوپای عێراقی تێدا بێت , ئەرکی سەرەکیان بریتی دەبێت لە دابینکردنی ئاشتی و ئارامی لەو ناوچانەو بارەگاکەشی لە سەربازگەی کەیوانی شاری کەرکوك دەبێت.

2- هیچ هێزکی سەربازی نەهێنرێتە ناو شاری کەرکوك.

3-کێشەو ناکۆکیەکانی تر لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە ڕگای دیالگ و لە چوارچێوەی دەستور چارەسەر بکرێت.

4-نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمەریکا هاوکار و پشتیوان بن بۆ جێبەجێکردنی خاەکانی سەرەوە . 38 ئەندامی کمیتەی سەرکردایەتی ینك
"
زیرەکی ناو تا هەیبەنیت کە ئەمەی لە 16ی ئۆکتۆبەر رویدا , 31ی

ئابڕکی تر بوو به سیناریۆیەکی تڕەوە , هیزەکان لە بڕی بە ئاڵای زەردەوە لەسەر تانکەکانی کورد بن , کەچی ئەمان ڕۆژەی هەژارانیان ناردە بەرەکانی شەڕ و بە کوشتیاندا و سوپای داگیرکەریش ئاڵای کوردستانیان لە ژێر پێ نا , 31ی ئابەکەی پارتی لە کاتێك رویدا 2 ساڵ بوو لە گەڵ ینك شەڕیان بوو, کەچی 16ی ئۆکتۆبەر لە کاتێك رویدا 15 ساڵە حکومەتی هاوبەشیان هەیە , لە 31ی ئاب حیزب بەکارەکە هەڵسا, لە 16ی ئۆکتۆبەر چەند کەسێك لە دەرەوەی شەرعیەتی حیزبی پێی هەڵسان, واتا لێرەدا ینك وەك دەزگایەکی حیزبی بەرپرس نییە, ئەوەی بەرپرسە فەرماندە سەربازییەکانە کە لە دەرەوەی بەرپرسیارێتی خۆی فەرمانی وەرگرتووە, ئەمە بە ڕونی لە کۆبونەوەی کۆسرەت ڕەسول لە گەڵ فەرماندەکانی سەربازی دەرکەوت, وەڵێ تا کوردو کەرکوك ماون, ناسۆرو ئاخی ئەو ڕۆژە ڕەشە دەمێنێت و ئەنجامدەرانی لە دەرگایەکی ڕەشەوە دەچنە مۆزووی شارەکەو و هەموو کوردەوە.
سیناریۆکانی ڕۆژانی دوای 16ی ئۆکتۆبەر ناتوانێت راستی ڕوداەکە بشارێتەوە, نە پێشمەرگە شکاوە, نە تانکی ئەبرامزیش لە فلیمە خەیاڵییەکانەوە هونراونەتە ئەرزی واقعی شەڕەکەوە نەشکێنرێت, ئەوە بوو لە پردێ و زومار لەو شەڕە بچوکانە بینیمان چۆن بە شکاوی جەڵەوڕان.
دەبێت لێکۆڵینەوە بکرێت و ڕاستیەکان ئاشکرا بکرێت و ئەو کەسانەش وەڵامی دەسەڵاتدارانی عێراق بدەنەوە کە دەڵێن شەڕ نەکراوە بەڵکە ئێمە براینە ناو کەرکوکەوە, نەك بۆ ڕایگشتی کوردستانی پینەو پەڕەی کارەکانیان بکەن, سەدان هەزار کەرکوکی و دوزی و خانەقینی ڕوداوەکان لە بەرچاویانن پێویست بە ڕونکردنەوە ناکات, چۆن وەڵامی کەناڵەکانی کەی 24 و ڕوداو دەدەنەوە, ئاواش ڕاشکاوانە وەڵامی دەسەڵاتدارانی عێراق بدەنەوە کە ستایشی هەڵوێستە نیشتمانییەکان و پەیوەندییە مۆژویەکانیان دەکەن لە گەڵ ئەو چەند کەسە.

دەکرا شکانی سەرتاسەری نەبێت

بەیانی 16ی ئۆکتۆبەر کەلی سۆکانی سەدان پێشمەرگەی پێوە بوو, لەودیو ئەوانیشەوە پێشمەرگە لە پاشەکشەدابوو, هێزەکانی بەرەی پێشەوە کشێنرایەوە بۆ پشت کەلی سۆکانی,ئەو ڕۆژە هێزەکانی ینك بارودۆخیان وەك سەردەمی ئەنفالەکان بوو, متمانەیان بە یەکتر نەمابوو, لەناو شارەکان سوکایەتی زۆریان پێکرا کە ئەوان تاوانیان نەبوو, هەر کۆە ئازاکانی ساڵانی پێشوتر بوون, زۆرینەی ئەوانەشی ئەوکارانەی دەکرد ڕێکخستنەکانی پدك و بە هاندانی کەناڵەکانی پدك

بوو, خۆشیان بەو هەموو ئازایەتی و بوێرییەیانەوە کە 3 ساڵ و سێ مانگ بوو لە بەرامبەر داعش نواندبویان لە ئاست روداوەکان روخا بوون, فرمێسکیان بە شکان نەبوو, بەڵکە بە ئەوە بوو 40 مانگ بوو خزمەتی ئەو سەنگەرانەیان دەکرد, ئێستا لەناکاو پێیان چێکرا. بەڵام وەك ئاماژەم پێ دا, هێزەکانی پارتی دەیانتوانی کەلی سێکانی بە پردێ کۆنترۆڵ بکەن و بەو سانایيە قەراغی شار بەجێ نەهێڵن و دور نەکەونەوە لێی و هەمیشە چاویان بەسەر شارەوە بێت, هێزەکەی بەغا ئەوەندە فشێ بوون نایان توانی لە کەرکوك بمێننەوە ئەگەر ئەو بەرزاییانە بە شەڕ چێ نەکرابایان, ئەوەی رویدا هێزەکان پدك و کەرکوك وەك رێژەکانی سەرەتای شەڕی داعشیان لێ هاتبوو, هەر هەڵاتن بوو و ئاوێ نەدانەوە بوو بە دواوە, دەیانتوانی هەزاران خەبەخش بەسەر ئەو رەبایانەدا دابەش بکەن و بە چەکە قورس و نیوە قورسەکانەوە داکۆکی بکەن, ئەوەندە لە شار دور نەکەونەوە تا گەانەوە بۆی ببێتە خەون .
لە لایەکی ترەوە دەبوایا شەڕی سەرانسەری دوای یەکەم تەقەی حکومەتی عێراقی رابگەیەنرایا, ئاخر بەرگری تا سەر شکستییە لە شەڕدا.
حکومەتی عێراقی بە چەند تێسرەواندنێکی سەربازی بچوك لە پردێ و مەخمور و تەلەسقێف و مەحمودیە و زومار زریکەی لێ هەسا, هەرچەندە شەڕی سەرانسەری لەم بارودۆخە سیاسییە, بەم گەلەکۆمە هەرێمییەی خستویانەتە سەر کوردستان, بە مانەوەی حکومەتی هەرێمی ئەستەمە وەلێ لە مردن چارەسەرترە.

ئامانجە لاوەکیەکانی کارەساتی کەرکوك

هەندێك شرۆڤەکار ئامانجی ناوخۆیی بەشداری هەندێك لە ماڵباتی تاەبانی لە هاوکاری سوپای عێراق لە گرتنەوەی کەرکوك دەبەنەوە بۆ کودەتای ناو ینك و دەستبەسەرداگرتنی ئەم حیزبە لە کودەتایەکی بنەماەیی بۆ گەانەوە بۆ کۆنگرە " لادانی نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوك, دەرکردن و لاوازکردنی نەیاران لەناو هێزی پێشمەرگەی ینك یەکەی 70, بە تایبەت " کۆسرەت رەسوڵ , شێخ جەعفەر, مەحمود سەنگاوی", لاواز کردنی خەتی نەیارانی بنەماەیە لە رێکخستنەکانی ناو کەرکوك بە تایبەت خەتی کۆسرەت کە ناسراوە بە کوتلەچی, مەترسی هەبوو ئەم کودەتا ناوخۆییە لە رێژی 16ی ئۆکتۆبەر بە تەسفیات بگات لە کاتێك زەربەی ئامانجە دەستنیشاکراوەکان لە کەرکوك بوون.
هەرچی بەرامبەر بە پارتییە هەوڵدان بۆ هەوشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگا, کە پارتی لە پێگەی جەماوەری خۆی زۆر زیاتر ئەندامی لە

ئەنجومەنی پارێزگا هەیەو وەرگرتنەوەی بیرە نەوتەکان لێی, وە دەرکردنی یەکجارەکی لە شار پاش ئەوەی بەهۆی ئیمکاناتەوە هێزی زیادی کردبوو لە شارەکە تەنانەت هێزی لە گەڕ پێگەی دەنگەکانیشی یەکی ناگرتەوە,وە لاواز کردنی لە سەرتاسەری کوردستان , ئامانجە ناوخێییەکان جگە لە دەرکردنی دکتێر نەجمەدین پێی گەیشتن ئەوی دیکە لەم قۆناغەدا بە روکەش پێی نەگەیون, لێ هێشتا ململانێکان بە کێتا نەگەیشتوونە,دەرکردنی دکتێر نەجمەدینیش ئامانجەکەی سەری نەگرت, لەبەر ئەوەی کاندیدەکەیان رزگار عەلی لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە رەتکرایەوە, مەترسی هەیە خودی پێستەکە لە دەست کوردەکان دەبچێت و بەر پێکهاتەکان تر بکەوێت.
هەندێك کەس ئەم ئامانجە لاوەکیانە بە ئامانجی سەرەکی دەزانن و پێیان وایە ئامانج لێی دوو کودەتای سیاسی بوو بەسەر نەخشەی سیاسی کوردستان و هەرەمی دەسەڵاتداری لەناو ینك, بەڵام من پێم وایە ئامانجی سەرەکی لای ئەمان نەبوو, چونکە کارەکتەری سەرەکی نەبوون لە نمایشەکە, بەڵکە تەنها هاوکاریکەرێك بوون لە کێتادا سوپاسی خێیان وەرگرت, بەڵکە ئامانجی سەرەکی گەلەکەمەیەکی نوودەوێەتی بوو لەسەر پرسەی بە کوردستانیکردنی کەرکوك و راگەیاندنی دەوێەتی کوردی, داگیرکردنەوەی کەرکوك لە ئستادا ئەو ئامانجەی پێکا.
دیارە ململانێکانی ماڵباتی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە گەڵ هەرەمی دەسەڵاتی ناو ینك کێبونەوەکەی 24ی ئۆکتێبەر گوایا یەکلای کردێتەوە, سەرەتای ململانێکانە, ئەگەر شەرعیەت لای هەرەمی شەرعی " مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی "بێت , ئەوا دارایی و گێی تاڵەبانی و دەزگا ئەمنییەکان و راگەیاندن و ... لای ئەمانە.
سەیرکەن لاهور شێخ جەنگی بەرامبەر بە سەعدی پیرە چی دەێت "لای ئێمە جێگەی قبوێکردن نیە سەعدی پیرە بەناوی یەکێتیەوە لێدوان بدات، ئەو سەردەمە تەواو بوو چیتر رێگە نادەین چەند کەسێکی بێ دەسەڵات و کەمینە یەکێتی بکەن بەکلکی پارتی".
پێش کێبونەوەی ئەنجومەنی ناوەند شاناز ئیبراهیم ئەحمەد وتی " ئەنجومەنی ناوەندی ینك بڕیار لەسەر کێنگرە دەدات"لاهور شێخ جەنگیش لە دیداری رۆژنامەنووساندا جەختی لەوە کردوە لەماوەی دوو مانگدا کێنگرە دەبەستن و تەواوی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بەکەمەڵك گەنجو خوێنی تازە نوێ دەکەنەوە وجارێکیتر لەناو یەکێتیدا متمانە نادەنەوە بەو ئەو هەڤاڵانەی ریفراندۆمیان کرد".
لێرەوە دەردەکەوێت, ئەگەر چەند ساڵێك بێت ینك نەیتوانیبێت کێنگرە ببەستێت بەهۆی باڵ باڵنەوە, ئەوا زیاتر ینك بەرەو یەکدەست بوون دەڕوات و لە کێنگرەدا دوا بزمار لە تابوتی نەیاران دەدرێت و هەموو دەسەڵاتەکان دەکەوێتە دەست ماڵباتی تاڵەبانی و

لایەنگرانیان.

جیاوازی 31ی ئاب و 16ی ئۆکتۆبەر

بیرۆکەی وەرگرتنەوەی سەربازگەی کی 1 ی کەرکوك لە پێشمەرگە و رازی بوون بە هاتنەوەی سوپای عێراقی بۆی و بەڕێوەبردنی هاوبەش لە لایەن هەردولایانەوە, بیرۆکەی نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ شەڕی دژ بە تیرۆر ماکگۆرك بوو, ماکگۆرك چەند کاتژمێرێك پێش پەلامارەکەی کەرکوك داوای رۆژکی دیکەی کرد بۆ درێژەدان بە هەوڵەکانی, بۆ ئەوەی شەڕ رونەدات, وەلێ عەبادی گوێی پێ نەدا و لە نیوەشەوی کۆتایی هەفتەی مەکگۆرك هەرشەکەی دەستپێکردو یەکەم تەقەی خۆی کردو بۆیاری شەڕی دا بە هەڵکردنی گڕپی سەوز لە لایەن حاجی قاسمی سلێمانییەوە.

سێ جیاوازی لە نێوان 31 ی ئاب و 16ی ئۆکتۆبەر هەبوو , ئەوانیش :

1- لە 31 ی ئابدا پارتی وەك حیزب کارەکەی ئەنجامدا, شتی شاراوە نەبوو, تانکەکانی بەعس چەکداری پارتی بە ئاڵای زەردەوە بەسەرەوە بوو , وەلێ لە 16ی ئۆکتۆبەردا حیزب ئەو کارەی نەکرد, گروپێك پێی هەستان پێگەی بۆیاردانیان نەبوو, رۆکەوتنەکان لە دەرەوەی شەرعیەتی حیزبییەوەو بە دزییەوە ئەنجامدرابوو.

2- لە 31ی ئابدا هەوڵێر لە ینك سەنرایەوە درایە پارتی , وەلێ لە 16ی ئۆکتۆبەردا کەرکوك لە ینك و پدك سەنرایەوە و حکومەتی عێراقی دەستی بەسەردا گرت .

3- لە کۆبونەوەی دوکانی پدك و ینك , یەکێك لە تەوەرەکانی گفتوگۆ ئەم دەسیەیە بوو, واتا پارتیش ئاگاداری ئەم بژاردەیە بوو و بە نهێنی ئەنجام نەدرا, دەبوایا ئاگاداری ئەگەری جێبەجێکردنی ئەم بژاردەیە بونایا.

لە گەڵ لە ژێر پێنانی ئاڵای کوردستان لە شاری کەرکوك , هەموو رۆکەوتنەکانیش لە ژێر پێ نرا, شەوازی گرتنەوەی کەرکوك و هەسوکەوتەکانیان نیشانی دا ئەوان سەیری کورد و ئاڵای کوردستان وەك عێراقی ناکەن, رازی بوون بە هژمونیای عێراقی لەو ناوچانەی بۆشە کشانەوە وەك دوز و خانەقین و تراژیدیاکەی کەرکوك , بۆخۆی بزمار بوو لە تابووتی رۆکەوتنەکە, ئاڵا تاڵەبانی لە تەلەفزیۆنی ئافاقی سەر بە مالکی وتی "کەرکوك گەڵایەوە باوەشی عێراق, حکومەتی عێراقیش کاندیدی ینك ی بۆ پارێزگاری کەرکوك رەتکردەوە , دەبێت کورد ئیتر داوای مافەکان و گفتوگۆ لە ئەبوەکانی پلایس و عوزرائیل بکات, گرنگی بە پێگەی ینك نەدرا, کە هاوبەشی گرتنەوەی شارەکە بووە, هاوکات خەکیش زوو رۆکەوتنەکەیان شەرمەزار کرد, پرسەکەیان

به لەدەستدان و داگیرکردنی کەرکوك ناساند, بۆیە ینك بەم ستافەوە زیان لێکەوتەی یەکەم دەبێت لە شارەکە, هاوکات تورکیاو ئێران لەبەرامبەر کورد لە کەرکوك یەکگرتوو بوون, کە کورد دەرکرا, هاوپەیمانیەکەشیان فەلسەفەی مانی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە .
تەنانەت تورکیا و عێراق وشەی هەرێمی کوردستانیان لە نوسین و ئاماژەکانیان سڕیەوە, باکوری عێراقیان لە بری دانا, پێشمەرگە بە چەکداری هەرێم و گەلی کوردستان بە هاووڵاتیانی باکوری عێراق ناسێنرا, هەمو ئەمانە وامان لێدەکەن بڕێین ئەمجارە منالەکانی تاڵەبانی و بلەی ئەحە رەش بە پێچەوانەی رێکەوتنی سۆو وپرتەقاڵی بارزانی لە گەڵ بەغدا1964 لە 10ی شوباتی 1964 , ئەمجارە ئەوان کەرکوك و کوردستانیان بە سۆوو پرتەقاڵکی کرماوی گڕیەوە , مژوو دیسان بە شێوە کۆمیدییەکەی دوبارە بوەوە, ئەو کێکەی خستیانە بەردەستیان ژەهراوی بوو, فریای خواردنی نەکەوتن.
شکستی سەربازی مافی گەلی کورد ناسڕتەوە, ناسنامەی شاری کەرکوك و شارچکەکانی دی ناگۆڕێت, هەرچەندە کوردیش نەیتوانی بە باشی فەرمانەوایی بکات,تورکمان و عەرەبەکانی کەرکوك بە بەرچاویانەوە نەوتی شارەکە دەڕێی بۆ هەرێمی کوردستان, هیچ دەستکەوتکی بۆیان نەبوو, وەك دەست سبەسەر گیراو سەیریان دەکرد, هاوکات لە دوای شەڕی داعشەوە, هەموو شتێك لە بەڕێوەبردنی شارەکە گڕا,تەنانەت مزایەدەی روکەشی تەندەرەکانیش نەما, زەوی داگیر کردن پەرەی سەند, دزی زیادی کرد, پرسەی سیاسی چووە دواوە لە شارەکە, ئەمەو زۆری دی وەك ئەوەی شەڕی داعش نیعمەت بێت بۆ فەرمانەوا کوردەکانی شارەکە, ئەوەی کردیان بای ئەوە هەبوو هاووڵاتیان هەست بە لە دەستدانی دەسەڵاتێك نەکەن لە دەستیان چوبێت .
لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێن قزڵباشییەکانی قاسم سلێمانی لەم خولەدا چەند ساڵە لە کەرکوك دەمێننەوە؟.

نا بۆ ستێمکاری بارزانی … دۆبێت (نا)ش بێت بۆ ستێمکاری

عەبادی … ئازاد ئارمان

"ئەو گەلەی کە گەلانی تر دەچەوسێنێتەوە زنجیرەکانی دیلیەتی خۆی پتەوتر دەکاتەوە.". کارل مارکس
ئەمرۆ نارەزایەتی لە سیستەم و دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم ئاگر چی تاوەکو ئێستا رەنگخراو نییە، بەڵام لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و تورەیی جەماوەر ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵکشاندایە. سەرئەنجام لایەنی کەم ئەم نارەزایەتیانە دەبێت شکست پەهێنان و هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێم بەدواوە بێت. سەرەڕای ئەم هەلومەرجە تازەیش کە ڕووبەرووی خەڵکی کوردستان بۆتەوە لە لایەن ڕژێمی ستەمکاری مەزهەبی توندڕەوی حکومەتی عێراقەوە. بە بەرچاوی هەموو دونیاوە بە لەشکرکێشی هێزەکانی سوپای عێراق، پۆلیسی فیدرالی و میلیشیایی حەشدی شەعبی شاری کەرکوک و بە گشتی نزیکەی سەدا پێنجای خاکی کوردستانیان بە پۆلاماری درندانە داگیرکردەوە و حکومەتکی نیزامییان لێم شوێنانەدا ڕاگەیاندووە.

ئەوەی من لێم نووسینەدا دەمەوێت جەختی لە سەر بکەمەوە ئەوەیە بەشێک لە ئەپۆزیسیۆنی کوردستان و چالاکوانەکانیان لە ئێندام پەرلەمانیانەوە بگرە تاوەکو چاودێری سیاسی یان چالاکوانەکانیان لە فەیسبووک و سۆسیال میدیاوە. دژایەتی و نارەزایەتیەکانیان لە بەرامبەر دەسەلاتی ستەمکارانەی حکومەتی هەرێم، وایان لە دەکات بکەونە هەڵەیەکی مەترسیدارەوە و سیاسەتە مەزهەبی و شۆڤینیەکانی حکومەتی عێراق لە بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەکەی بکەن بە جۆرێک لە جۆرەکان بکەونە بەرەی عەبادی و پێیان وابێ حکومەتی عەشدی شەعبی دەتوانێ داواکارییە ڕەوا و پێنگ خواردووەکانی ٢٦ ساڵەی ستەمکاری هەرێمیان بۆ جێ بەجێ دەکات. و لە هەرەمێکی خۆشگوزەران بەهرەمەند دەبین و پارەی دزراوی نەوت و غازەکانمان بۆ دەگەڕێتەوە.

مەگەر نابێت لە خەمان بپرسین ئایا ئێستا کرێکاران و خەڵکی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشی بەغداو بەسرا و نەجەف و کەربەلا ئاستی ژیان وگوزەرانیان لە ئەمڕ باشترە ئازادی و مافە مەدەنییەکانیان لە ئەمڕ بەرفراوان ترە؟ پەروەردە و تەندروستییان لە ئەمڕ باشاترە؟ ئایا لەوە حکومەتی هاوپاتی بەرقەرارە؟ یان حکومەتی مەزهەبی و میلیشیایی؟

هەر کەسێک تەزقالێک نیگەرانی هەیە و لای ڕۆشن نییە کارکردی ئەم

هزە مزهەبییانە چییە و چ کارێساتێکن بە سەر کەمەگا. دەتوانێ سەیری ئەزموونی حکومرانی ٣٨ ساڵەی کەماری ئیسلامی ئێران بکات.
بۆیە پێویستە ئەمە لە دژی ستەمکاری بینێ مەیدان جا ئەم ستەمکارییە لە ژێر پەردەی نەتەوەپەرستی دا بێت یان لە ژێر فراوانکردنی دەسەلاتی مزهەبی شیعەگرایی دابێت. ئەمە نابێت باوەرمان بەم پەندە هەبێت کە دەڵێت " دوژمنی، دوژمنەکەم دەستمە" نابێت دژایەتی دەسەڵاتدارانی هەرەم وامان لێ بکات بە خەرهاتن لە دەوڵەتی عەبادی بکەین. کە رووەن وئاشکرا دیارە سیاسەتی حکومەتی حەشدی شەعبی، درێژکراوەی سیاسەتی پان ئیسلامیزمی کەماری ئیسلامی ئێران و گەیشتنە بە هیلالی شیعی لە رێژهەلاتی ناوەراستدا.

جەنەڵەی بەزیو … بەختیار محەمەد

ژانێك لە ناخم دەچڕێ
سپی
وەك شمشێرەکەی ئیمامی عەلی و معاویە.
زەرد
وەك لاپەڕەی زەردی مەسحەفی
مێژووی خیانەتی ئەمە.
ڕەش
وەك ناخی ڕەشی
سەرکردەکانی تیاترخانەی کوردایەتی.
تەڕ
وەك ئاوێنەی شکاوی تەڕخی عەقڵی
جەنەڵەە بەزیوەکانی ڕیفراندەم.
ئەو جەنەڵانەی
بەرلەوەی گورگی بیابان بکوژن
کارمامزی مێژووی شاخیان کوشت.
من ئێستا هەتیوێکی پێ پەتیم

لە شەقامە پیسەکانی سیاسەتی جیهاندا
وەک سوالکەرێک
ئامادەکەم و ئاوم دەنێن.
من ئێستا لە ماڵە کاولەکەی خۆمدا
هەتیوێکی بێ کەسی سوکەری دەستبەسەرم.
من ئێستا نەتەوەیەکی زێڕی مژووم
نە دایکم هەیە نە باوک
هیچ کەسێک لە هەتیوخانەکانی
بەزەیی خۆشی وەرمناگرێ.
من ئێستا باوکم مەلای خەتیبە و
دایکم فاتیمەی ژنی عەلییە و
مژووشم بووکی ئوممەی عەرەبییە.

بەختیار محەمەد

پشتی کێوالیس و دیوی شاراوەی ئوداوەکان بەرەو کۆمان دەبەن بەختیار نامیق …

ئەوەی ئودەدات و لە شاشەی تی ڤیکانەوە دەیبیستین تەنها ئەو ئوداوانەن کە ئوو دەدەن ، دەکرێت بپرسین ئەگەر ئاگیاندن کاری گواستنەوەی ئوداو بێت ئەی کێ ئوداوەکان دروست دەکات ، ئەوەی دەیبینین گەر بکرێتە پیوانە بە ئوداوەکان ئەوا جگە لە خلیسکێن بەسەر ئوداوەکاندا هیچی تر نابێ ، ئەوەی کە زەر بە خرایی ئودەدات ، لە پشتی کێوالیسەوە ئێکەوتنێکی ناوچەیی و جیهانی هەیە لەسەری ، پلانێکە دانراوە و واژەی هەموانی بەسەرەوەیە ، پاشان کەوتوتە بواری جێبەجکردنەوە ، قەناغی دوای داعش و گەانەوە بە نەخشە کێشەکە ئەو پرسیە کە کاتی خۆی بە هەمو هەزکان وتراوە ، یەکێک بوو لە ئەجێندای هاوپەیمانان لە سەفرەی دوای کەوتنی داعش ، ئەگەر داعش بوبێتە هۆی تێکدانی نەخشەی جوگرافی و ئابووری و بەرژەوەندی وڵاتان ، ئەوا ئەوە ونە دوای داعش گەانەوەیەک هەیە

بە سەر هەمان نەخشە بە کەمەک دەستکاری بچوکەوە ، خە ئەگەر ئەم شەانە زیاتر ئابوری بێت ، ئەوا دەبێت ئەوە ببینن کە سگەشەیەکی ناوچەیی هەیە لە ناو چوار گەشەیەکی گەورەدا (سگەشەکەئیران + تورکیا+عەراق) (چوار گەشەکەش ... ئەمریکا + ڕوسیا + بەریتانیا + فەرنسا) کە خەی لە کەبونەوەکەی پاریسدا دەبینیەوە و هەر ئەو هەککەوتنە بوە هەی دانانی دابەشکاریەکە چی لە عەراق و چی لە سوریا ، ئەوەش دەزانین کە ئەو سفرەیەی داخرواە ، دوای داعش پشکی شەر و پەنگ و پشیلەی تەدا دیاری کراوە ، بۆیە دەکرێت بەم خاانە پەلەنی بکەین :

1. وەاتانی چوار گەشە بەرژەوەندی گەورەیان هەیە لەسوریا و عەراق و هەرەمی کوردستاندا و ململانەشیان هەیە لەگەە تورکیا وەک قوتبەکی وەاتانی سگەشە ، هەر بۆیە تورکیا بە پاپشتی ئیسرائیل هەوڵی دا کارتەکی بەهەزی پە بێت ، بە ئەوەی پشکی پەنگەکی تەواوی بەربکەوێت ئەویش بە سیناریەیەک بو کە لە ە ی هەرەمی کوردستانەوە بتوانێت گوشار دروست بکات بە ئەران و بتوانت هەم سونەکان ببات‌ەوە ناوەند هەم بیکات بە کارتەک بە سەر مەزی چوارگەشەکە ، هەر بۆیە کورد و بەشەکی ناو هەککەوتنی ستراتیژی (کە هەککەوتنەک بو لە نەوان تاران و ئەنقەرەدا) بەکار بهێنێت ، تورکیا سەرەتا لە کاتی داعشدا سەرچاوەی نەوت و غازی (هاڤانا و بای حەسەن و خورمە ..هتد) ی بەست بەخەیەوە ، ئەو کات چاوپەشی لەکرا لەبەر بونی شەی داعش، دوای ئەوەی توانی زەنی زەرد و مسعود بارزانی بەکار بهێنێت ، بیکاتە کارتەکی بەهەز و لەگەە ئیسرائیلدا بیفرەشن ، ئەمە بە تورکیا گەانەوەیە بە پشکی کارتەکی بەهەز لە ناوەندا ، هەر بۆیە توانی یاری لە بژەوەندی خەی بە کورد بکات و بیارەکانی سەر مەزی چوار گەشەکە قبوە بکا بە گەشتن بە شەریک بون بە عەراقی ناوەند و پشت بکاتە بەرزانی تا ئەو ەادەیەی سگەشەی فیشخاپور و بەری نەوتی کوردستان ەا دەستی عەراق بکرێت و هەککەوتن لە عەراقی شیعەی ئەرانی واژە بکات تا بتوانێت لە داهاتودا لە سوریاش هەککەوتن لەگەە ئەران بکات بە هەنمایی ولاتانی چوار گەشە .

2. تورکیا بە ئەوەی بتوانێت سنورەکانی لەگەە سوریادا باش بێت و دەروازە ئابوریەکانی لەگەە عەراق بە کەشە بێت ، دەبێت جەرەک لە هەککەوتن لەگەە پەکەکە بکات چونکە باش دەزانە کە سوریاش دەبێتەوە بە وەاتەکی یەکگرتو کورد بەشەک دەبێت لەو دەوەتە بە ئەوەی بتوانێت ئەم هەککەوتنانە بپارێزە و کەشەی ئەمنی سەربازی بە ئابوریەکەی دروست نەبێت دەبێت لەگەە پەکەکە هەکبکەوێت لەسەر مەزی

ولاتانی چوار گۆشە و بە هەکەوتنی لەگەڵ ولاتانی سەگۆشە .

3. ئێران جگە لەوەی وەک ئەختیبوتی هەژمۆنی ناوچەیە ، توانیویەتی عێراق بە تەواوەتی داگیر بکات بە گەپی سەوزی ئەمریکییەوە ، (ئەمریکا بە ئەوەی بتوانێت شەڕی کەریای باکور بکات کە مەترسیە لەبەردەمیدا دەبێت دوژمنەکانی کەم بکاتەوە) دەیەوێت پشکی گەورەی هەبێت و ئەوەی ناو دەنرێت هاوسەنگی هێزی تورکیا و ئێران کە هەژامۆندی ولاتانی چوارگۆشەی لەسەرە ، دەیەوێت زیاتر فراوانخوازی بکات ، ئەمەش دەرچونە لە پشکی خەی لەسەر سفرەکە کە پشکی پەنگە ، بۆیە هەکەدەکەوێت لەگەڵ تورکیا ، تورکیاش هەژامۆندە بە مەرجێک لە داهاتوی سوریادا ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەبەرچاو بگرێت ، دوا جار ئێران دەیەوێت وەک ئەوەی هەیە لە سوریا ئەو هەگەیە لایەنگرانی خەی تیدا بێت کە دەچێتەوە سەر دەریایی سپی وەک گرنگترین هەگای گواستنەوە لە وەاتانی دەریای قەزوینەوە بە دەریای سپی .

4. بەرژەوەندی ولاتانی چوارگۆشە لەوەدایە کە عێراقێکی یەکگرتوی دەستوری دروست ببێت تا بتوانن بیکەنە سفرەی خواردنی سەر مێزی ئەو ولاتانە و ئاسایش هەبێت تا کەمپانیا زەبەلاحەکانیان بتوانن کارەکانیان بکەن ، بەرژەوەندی ئێران و تورکیایە کە عێراقێکی دەستوری یەکگرتوو هەبێت و بتوانن بەرهەکەوتنە ئابوریەکانیان لە شەڕی ئابوریەوە بگەڕێنن بە مێزی هاوبەشی ئابوری ، هەر بۆیە ئێستە عێراق هەوە دەدات هەمو هێزەکان بە حشدی شەعبیشەوە بخاتە ناو چوارچێوەی وەزارەتی بەرگری بە هێزی پێشمەگەشەوە ، تا بتوانێت حیزبە عێراقیەکان چەک بکات بە هەرەمی کوردستانیشەوە ، وە عێراق بە گەپی سەوزی وەاتانی چوار گۆشە و سەگۆشەشەوە ئەم شەانە دەکات و پێ ی وایە هێزی دەستوری هەیە بە گەانەوە بە ٢٠٠٣ کە ڕیفراندەم بوو ئەو کارتە بەهێزەی کە بەدەر لە تورکیا و ئیسرائیل عیراق لە دیوەکی ترەوە سودی لە وەر گرت ووەاتانی زل هێزیش پاپشتی بون .

5. هەومان دەزانن کورد خەی بەشدار بوو لە نوسینەوەی دەستور و واژەیان کردوە (مام جەلال +مەسعود بارزانی +نەوشیروان مستەفا) ئەوەی ماوەتەوە کەیسی مادەی ١٤٠ کە تا هاتنی داعش چارەسەر نەبوبو ، لە بەشایی یاسایی و ئەمنی و عەسکەریدا کورد توانی هەمو ئەو ناوچانە کەنتڕۆڵ بکات و عەڕاق بە دەنگ بو لەبەر موسڵ و شەری داعش هەر بۆیە دوای ئەم قەناغە ، ڕیفراندەم و دەوەتی سەربەخۆ کە هیچ هێزێکی ناوخەیی و دەرەکی و دەستوری نەبو، وە هیچ پاپشتێکی ولاتانی سەگۆشە و چوار گۆشەی نەبو ، توانی شەرعێت بداتە عەبادی بە

ئەکەی ناوچەیی و جیهانیەوە تا بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سنوری ٢٠٠٣ ، هەر بەمشێوە ناوستێت توانیویەتی لە ڕێ ی هێندە سەرکردەی یەکێتیەوە شارعیەت بدات بۆ خۆی بۆ ئاوەی لەپەچینەوە لە دەسیەی ئەم چەند ساڵەی (نەوت و فەکەخانە و مەرزەکان) بکات ، کە پێ ی وایە ئەمانە سیادین دەبێت لە ژێر کۆنترۆڵی عێراقدا بێت .

6. ئێستە کورد بوە بە دو بەشەوە ، عەبادیش کەمێک تاکتیک و سیناریوی پێ یە بۆ ئاوەی زیاتر ڕێی هەبێت لە هەڕەمی کوردستاندا بەوەی بەشکی کورد ئازی بون بەوەی (کەرکوک +سلەمانی+هەولێر بجێ) وەک سێ پارێزگا هەزی هەڕەمی دەستوری پێ بخشن ، تا هەولێر و دهۆک بەمنەتەوە نەتوانێت وەک هەڕەمێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لە هەڕەمی دابڕان ، واتا هەڕەمی کوردستان بکەن بەم سێ پارێزگایە ، وە دادگای ڕەسافەش وەک دادگایەکی سیاسی بکار دەنێت بۆ ئاوەی لەپەچینەوە بکات لەو کاربەدەستانەی کە لە کاتی بەشایی شێی داعشدا نەوتی کوردستانیان فرۆشتوە ، هەر چەند زانی زەردو پارتی بە هەموشت ئازی بون (سەرکردنی ئیفراندەم + چێ کردنی ئاو سنورانەی کە دەبێت لە ی بکشتەوە + تەسلیم کردنی مەتار و مەرزەکان و نەوت + کشانەوە لە سەگەشەی فیشخاپور ..هتد) بەڵام دەبینین عبادی هەشتا پەداگری زیاتر دەکات ، جونکە هەزەکی کوردی ئاو شارعیەتی دەداتێ .

7. چارەنوسی پارتی و مەسعود بارزانی : ئاگەر چی پارتی و سەرکەکەی بەردەوام لە دابەزیندان ، بەڵام بەغداد زیاتر پێ داگری دەکات ، کە گەشتە ئاوەی بارازانی واز نامەکەی خۆی بەاو بکاتەوە ، بەڵام لە پێ بە تەڵەکی تیلەرسن دەگەڕێت ، ئەمەش هەکارەکەی بێندە بە ململانێ ی نێوان ماکگرک و قاسمی سلیمانیەوە ، ئاو کاتی هەست دەکرێت قاسم لە بەشی پێنگی خۆی زیاتر داوا دەکات ، ئەمریکا پێویستی بە بارزانی دەبێت تا بیکات بە کارتک بۆ ئەم یاریێ ، هەر چەند بە پێ ی ڕێککەوتنەکەی پاریس هیچ هەڕەشێک بە سەر سنوری پێش ٢٠٠٣ نیە ، بەڵام وا پێ دەچێت قاسمی سلەمانی لە ڕێ ی بەشکی یەکیتیەوە بیەوێت شارعیەت بە عەبادی بدات تا دادگایکردنی بارزانی و هاوڕاکانی سەر بە تورکیا و تورکیاش ئازیە لە بەرامبەر چونەوەی سونە بە ناو هاوکێشەی سیایسی بەغداد و پشکی ئابوری ، هەر بۆیە ئەمریکا لەم یاری و ڕێککەوتنی تورکیا و ئێرانە دەترسێت و دەترسێت ڕێگای نوە ی بەرتی نەوت و غازی سەر دەریای سپی بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئێرانەوە کە پەکەکەش بەشکی سەر بە ئێرانە و ئەمریکا ئەم شێوە بە دوا ڕۆژی سوریاش دەکات ، بۆیە نەهێشت بارزانی واز

نامەکە بخوێنێتەوە ، لەوە تا ئێران فراوانخوازی باکت ئەمریکا پشتیوانی بە بەرزانیە ، لەوە نایەشت بارزانی واز نامەکە بخوێنێتەوە ، بە کورتی واز نامەی بارزانی بەستراوە بە ململانێکانی قاسمی سلێمانی و ماکگرێکەوە ، خۆ ئاگر ئێران گلۆپی سووزی ئەمریکی بەدەست بێنێت ئەوا کەی هەرەم و بە هەولێرو دهۆکیشەوە وەک ناوەند دژخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و تورکیاش ئازی دەکات بە پشک لە ناوەنددا .

8. ئاگر وەتانی چوارگۆشە پشکی شەریان هەبێت ، ئەوا ولاتانی سەگۆشە دەبنە خاوەن پشکی پێنگ و هەرەمی کوردستانیش یا زێنی زەرد یا زێنی سووز یا تەنها باڵکی زێنی سووز دەبێتە خاوەن پشکی پشیلە ، ئەوەش لەسەر دەستی پاڤێ تاڵەبانی دەکرێ ، کە پاڤێ دو باڵی هەیە و کە بریتینە لە ئاراس شێخ جەنگی و لاهور تاڵەبانی ، کە ئەمانە دەبنە نمایندەی کورد لە وەزارەتی بەرگری عێراقدا و بە ئیدارەکان و پەرلەمانی هەرەم (کەرکوک و سلێمانی و هەولێر) یان ئاگر پلانەکی ئێران سەری گرت ، ئەوا (هەولێرو دهۆکیشی) دەچێتە سەر ، حیزبە بە چەکەکان ئاڵای گەورەیان دەبە .

9. لەم کاتەدا بەشایەکی گەورەی دبلۆماسی و مناوەڕی سیایسی هەیە کە دەبو گەران کارئەکتەری سەرەکی بوایە بە شۆیەک دەبو ئێستە بزوتنەوەی گەلان وەک هێزەکی سیاسی گەورە خاوەنی گەورەترین مەزی مفاوەزاتی سیاسی بوایە ، چونکە ئێستە زەمینەی دبلۆماسی و مفاوەزات لەبارە تا شونی بەریەککەوتنی سەربازی بگرێتەوە ، گەلان دەتوانێت لەسەر شانی ئەم رووداوانە وەک کاریگەریترین کارئەکتەری سیاسی ناڕەی سەرەکی ببینێت ، ئەم زەمانانە بە گوران زەمانی ئاڵتونین ، پەم وابێت گەر نەتوانێت ئەو ناڕەی ببینێت ، ئەوا دور نیە لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەم زەمانە ئاڵتونیە لە کیس خۆی بدات ، ئەویش نە بە خۆپیشاندان دەبێت نە پێنا بردن بە چەک ، تەنها سەرکردە سیاسیەکان بتوانن مناوەڕی سیاسی بکەن و قسەیان هەبێت کەمەک لیژنە پەک بهێنێت و بچنە (بەغداد + تاران + ئەنقەرە + ئەمریکا + ڕوسیا + بەریتانیا + ولاتانی ئەوروپا+سعودیە + ئیسرائیل) ،وە شکستی دەوڵەتداری و حوکمەانی ئەم مەدەلە ئابگەینن، چونکە ئێستا ناڕەی بزوتنەوە بە چەکەکانە .

دعای کۆمەک پێشمەرگە و شیکارییەکی بەندە! ... جیهاد موحەمەد

هەندێک هێواوی گاڵتەجارییی بەسەرماندا تەپڕەت بە ئاوەکی جددی لێبدەینەوە، وای لێکدەینەوە کە تەنها بە پێکەنینە، لە ڕاستیدا ئەو جارە لە پێکەنین و گاڵتەجارییە پرس و مەسەلەی زۆر جددی لە پشتەوەیە، دەموەست بێم، کە یەکێک لە هەندێکانی پێکەنینە و پێکەنینەکەش بە داپشینی جددیەتێکییەتی، وەکو تر چەندین هەندی تری سیاسیی و کۆمەاڵیەتیی و فەرهەنگی هەیە، کە پیویستە بە گۆڕەی توانا خوێندنەوەی بە بکرێت و هەروا بە سانایی بەسەرماندا تێنەپەڕێت.

یەکێک لەو پێکەنین و گاڵتەجارییانە، پێکەنین و گاڵتەجاریی دعا و تکای پەلەک پێشمەرگەی هەژارە لەو خواوەندەی بە دە و دەروونێکی پاکەوە بەوایان پێیەتی، ئەم پەلە پێشمەرگەیە یەکێکیان دعاکان دەکات و ئەوانیتر دەستیان بەرزکردەتەوە و "ئامین" یارب العالمین ی بە دەکەن. بە پێویستم زانی بە گۆڕەی توانا و سەلیقەی خۆم شیکارییەک بکەم لەسەر هەهەندە سیاسیی و کۆمەاڵیەتیی و چینایەتییەکانی ئەم پێکەنین و گاڵتەجارییە، تا بزانین بۆچی ئەم پەلە پێشمەرگەیە تەنها بە پێکەنین و خۆشییەکی هووت ئەم دعا و نزایە دەکەن یان پاڵنەرێکی دیکەی لە پشتەوەیە.
بە بۆچوونی من و وەک هەموشمان دەیزانین وتە و قسەکردن و دەربڕینەکانی هەرچ مرۆڤێک یان کۆمەڵێک مرۆڤ دەربڕینی بیر و ئەندێشەیە، دیارە هەرچ مرۆڤێک بە گۆڕەی پاشخانی هۆشیاریی و هۆشبیرییەکی خۆی گوزارشت لە بیر و ئەندێشەی خۆی دەکات. زۆر جار مرۆڤ سادەکان، دەربڕینی زۆر قووڵ و گرنگ و بەهێزیان هەیە، وەلێ بە زمانێکی سادە و ساکار دەربڕیدەبڕن، بە داخەوە گرنگی بەو زمانە سادەو ساکارە نادرێت و هەروا بە سانای بەسەرماندا تێدەپەڕێت.
زۆربەمان کاک (عەبدوڵڵە)مان لە شاری سلێمانی دەناسی، کە بە داخەوە لە پڕ بە جەڵتەی دڵ گیانی لە دەستدا، ئەم پیاوە بەڕێزە، هەژانێ لە داخی هەژاریی و داماویی و بێکاری دێیان دعای لە خۆی هەژار دەکرد و بە گاڵتەجارییەوە دەیوت:" خوایە هەرچی فەقیرە نانی بە ئاوی نەگات، خوایە دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بکات"
ئەمەی لەردە دانراوە، لینکی دعاکردن و نزا و پاڕانەوەی ئەو پەلە

پەشمەرگەیەی کە وەک ئاماژەم پێدا، لە فەیسبووکدا بە پێکەنین و خەشی خەڵک بە یەکتری دەنێرێت. تکایە بە وردی گوێ لە دەعا و نزاکانییان بگرن پێش ئەوەی شیکارییەکەی من بخوێننەوە!
https://www.youtube.com/watch?v=le5lp12xEvg

یەک یەک دەعاکانیان دەنووسمەوە و بە گشتی قسەیان لەسەر دەکەم:
١/ "یاڵبی خوایە هەرچی ئاڵتون و ئەڵماس هەیە گشتی بکەیت بە تەنەکە".
٢/ "یاڵبی خوایە هەرچی پارە و دۆلار هەیە گشتی ببێت بە قاقەز".
٣/ "یاڵبی خوایە هەرچی باخ هەیە ببێت بە دەک و دار".
٤/ "یاڵبی خوایە هەرچی عیمارە و ڤێللا و قەسری بەرز هەیە ببێت بە کەپری حەسیر وەک ئەم کەپرە حەسیرەی ئێمە".
٥/ "یاڵبی خوایە هەرچی بەریە نەوت و نەوت هەیە هەمووی ببێت بە چەکاو".
٦/ "یاڵبی خوایە هەرچی سەیارەی مۆدێل بەرز و وانۆش و مانیکا هەیە ببێت بە (کەریم کابان)"... (لەگەڵ ڕەزمدا بە مامەستا کەریم کابان، من لەڕەدا قسەکەی ئەوان دەنووسمەوە).

ئەگەر بە وردی لە دەعاو نزاکانییان وردبینەوە، ئەم پەلە پەشمەرگەیە کە نموونەی هەزاران پەشمەرگەی هەژار و داماو و کەمدەستن، لە بەچارەیدا ڕق و کینەیان لە هەموو دەوڵەمەندەکان و خاوەن باخەکان و پاردار و خاوەن دۆلارکان و خاوەن ڤێللا و قەسرەکان و خاوەن سەیارە مۆدێل بەرزەکانە. بەو پێی ڕاستگۆیەوە دژایەتی هەموو ئەمانە دەکەن لە ناخی خۆیاندا، ڕقیان لە هەمووانە، کەچی لە هەمان کاتدا چەکی پەشمەرگایەتییان هەڵگرتووە و پێیان دەوترێت پەشمەرگەی ئازا و قارەمانەکان، بە بەکارهێنانیان ڕەژانە لە تیقیەکانەوە و لە ڕۆژنامەکانەوە لە ڕادیەکانەوە جگە لە خەڵکی گشتی بەسەر زاری بەرپسانەوە بەوپێی ڕەزەوە ناویان دەهێنن و بە پاڵەوان و بە ئازا ناویان دەبن. تەنانەت لەسەر قسەیەکی کاک عەدنان عوسمان کە تەنها ئەوەندی وت کە ئەم هەڵە چەکدارانە هەزی میلیشیایین، مەسعود بەرزانی گوایە زڕ ڕەز لە پەشمەرگە دڵگرە و زڕ پەشمەرگەی خۆشدەوێت هێرشی لەکرد و ڕایگەیاند کە ئەوانەی ناوی پەشمەرگە بە میلیشیایی دەبن لە کوردستاندا جێگەیان نابێتەوە!، لە کاتێلدا کە کاک عەدنان عوسمان ئەو کاتە ئەندام پەرلەمان بوو.

هەمووشمان ئەو ڕاستییە دەزانین و چەندین جار لە خودی تیقیەکانی پارتی و یەکێتیشەوە ئەو پەشمەرگانەی کە بە ناچاری و بە دەم

گریانەوە بەرماڵی سواڵییان دادەخست لەبەردەم مزگەوتەکان و سەرشەقامەکاندا پیشاندەران. کە بە بەڵوای من ئەمە شکەشکاندن و بەدزیین کە بە پشمەرگە دەکرا، کە بە دووماڵگ جارێک ـ جگە لەو ماوەیەی کە ئەمریکا موچەی بە پشمەرگە دەنارد ـ ٥٠٠ هەزار دیانر دەدار بە پشمەرگە. بەردەوام پشمەرگە بەدەست کەمی موچەکەیەوە هاواری بوو. لەهامانکاتدا ئەفسەرکانیان و بە تایبەتی ئەفسەرە پلەدارەکانییان موچەی چەندین ملوەنییان وەردەگرت، ئەوان پشتوپەرداخ و ئەمانیش هەژار و داماو، ئەوان بە کاروانی ئوتومبیلی مەدیل بەرزەوە هاتوچۆیان دەکرد وئەمانیش زەر جار بە کرێی سەیارەی هاتووچۆی بەرێی جەنگەکان دادەمان. ئەوان ژن و کچەکانیان تا نەوەی گەردن و قۆڵ و باڵیان لە ئاڵتون هەڵکەشراو، ئەمانیش کچ و ژنەکانیان ڕووت و قوت و لە ساڵەکدا دوو دەست جلی بە نەدەکەدرا. ئەوان پە باخەییان لە دینار و دۆلار و ئەمانیش باخەییان خاڵی. ئەوان نەوت و گازەکەیان دەدزیی و دوکەڵ و پیسییەکەشی بە ئەمان.
کەواتە ئەم دەعاکردن و پاڕانەوەیە لە خوا لە ڕق و کینەیەکی ڕەوایانەوە هاتووە بەرامبەر بە بەرپرسەکانییان و بەرامبەر بە دەوڵەمەندەکان. ئەم ڕق و کینەیە ڕق و کینەیەکی چینایەتییە. چینە هەژارەکان ئەگەر هیچییان پێنەکرا و بە دەسەڵات بووون لە بەگژاچوونەوەی چینە چەوسێنەرکان خە هیچ نەبێت ئەوەیان پێدەکرێت کە ڕقییان لێیان بێت و بەم جۆرە بە گاڵتەجاڕییەوە ڕق و کینەکانییان هەڵەژن.

هەڵشتنی ئەم ڕق و کینەیە، لە لایەک ئاراميیان پێدەبخشێت، لە لایەکی تریش چونکە بە گاڵتەجاڕیی و پێکەنینەوەیە ناکەونە بەر لێپرسینەوە و سزادان لە لایەن بەرپرسە دەڵەقەکانییانەوە.
دەربەینی ئەم ڕق و کینەیە، ئەوەمان پێدەڵێت، کە چەوساندنەوەی چینایەتی بنەمای هەموو چەوساندنەوەکانە، لە هەموو چەوساندنەوەکان بە ئازارتر و گەورەتر.

بەڵام هەندەکی تری ئەم ڕق و کینە چینایەتییە، ئەوەیە کە هەژارانی کوردستان زیاتر لە سەد ساڵە بووە گۆشتکەرێن کە چەوساندنەوە و زوڵم و زەر و بەدبەختانیی و کەمدەستیی و ماوەڕانی تەنهاە لە چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە هاتووە، ئەگەر ئەم چەوساندنەوەیە بسڵتەوە چیتر خەڵک ناچەوسێتەوە و هەژار و داماو نابێت!. ئەم پەروەدەکردنە کارەکی کردوە کە ڕاستی ئەوە لە بیرهەژارن بەرێتەوە کە لە پش چەوساندنەوەی نەتەوەیی و گەورەتر

لە چوسانەوەی نەتەوەیی چوسانەوەی چینایەتیە کە مرۆڤکان دەهاڵێت. هێزارانی وەاتی ئەمە بوجۆرە پڕوردەیەکی شڵەشگێڕیی نەکراون کە لە یەککاتدا دەتوانرێت بە گژ هەموو جۆرەکانی چوسانەوەدا بچێتەوە و دنیاییەکی بەختەوەر و یەکسان و دادپەروەر بە خەی بەنێتە ئاراوە. ئەم پڕوەدیە لە لایەن هێزە ناسیۆنالیستەکانەوە کاری لەسەر کراوە، بە ئەوەی بتوانرێت گەورەترین هێزی بە دروستبکرێت و لە هەمانکاتدا بە ئەوەی ئەم هێزە دنیایی چوسێنەران و دەوڵەمەندەکان تکنەدات. ئەم پڕوەدیە لەهەموو شڵەس و بە ناو بزووتنەوەکانی ڕزگاری خازییدا هەروا بووە.

بەرجوازیەتی دواکەوتووی کوردستان بەم پڕوردە سەقەتە ناسیۆنالیستیی و دینییە، توانیویانە خەڵکەکی زۆری پەهەبخەڵەتێن و بیانکێن بە هێزکی گەورە بە مانەوەی دنیا پێ لە نایەکسان و نادادپەروەر و نا مرۆڤییەکەی خیان. ئەگەر وردبینەوە لە ماوەی ٢٦ ساڵی حوکمانی ئەم حیزبە دەسەڵاتدارە ناسیۆنالیستیی و دینییانەدا، بەردەوام خەڵکی هێزار و داماو بوون بە پارێزەریان و هەرچ کاتەکیش ویستبێتیان وەک ئانە مەیان داون، یان ئاپڕچی بەرەی جەنگکانییان کردوون. ئەم خەڵکە هێزارە بەردەوام بە هاژاری و داوماویی ماونەتەوە و حیزبەکان و مەکتەب سیاسییەکانیان و سەرکردەکانیان و بنەماڵەکانیان و کەسوکارەکانییان و هەندێکیش لە بازرگانە چاوچنەکەکان بە دەمەوەمەندی ماونەتەوە.

ئەم پڕوردەیە، لە بنەڕەتەوە پڕوردەی خزانکانە، چونکە خزانکانی وەاتانی دواکەوتوو پڕوەدیەکی ترادسیۆنیی و کولتوورەکی دواکەوتویی بەسەرچوویان هەیە. دوای خزانیش، هەمان پڕوردە لە باخچەکانی ساوایان و قوتابخانەکان و تانانێت زانکەکانیشدا منداڵ و مەرد منداڵ و خوێندکارەکانی پێ گەشدەکرێت. کەواتە ئەم پڕوەدیە فەرهەنگێک دەنێتە ئاروە کە بریتییە لە فەرهەنگی چوسانەوە و ژێردەستەیی، بریتیە لە فەرهەنگی بەدەسەڵاتیی، بریتیە لە فەرهەنگی نزانین و نەخوێندەاری، بریتیە لە فەرهەنگکی پێ لە نادیموکراتیی و نا یەکسانیی و نا دادپەروەریی.
بەیە پشمەرگە هێزارەکان، یان سەربازە هێزارەکان و زەربەی زۆری خەڵکی گشتی هێزار و بشمەینێت نازانێت چۆن شڵەشگێڕانە شەرشی خەی بەرپا بکات دژی هەموو جۆرە چوسانەوەکان. ئەم پڵە پشمەرگەیە، بە دەسەڵات و ناچارن، چونکە گشنکراون بە پڕوردە و فەرهەنگکی

شەرشگەرانە و ئازایانە. لە هەمانکاتدا پێ لە ڕق و کینەن بەرامبەر بە چەوسێنەران، لە مزگەوتەکانەوە فەری ئەوە کراون کە خواوەند حەقی بزنی کێ لە شاخدار دەکاتەوە، بەیە ئەمانیش لە خوا دەپاڕێنەوە کە ماڵ و موڵکی هەموو دەوڵەمەندەکان وەرانبەت، لە جیاتی ئەوەی شەرشێک بەرپابکەن بە دنیاییەکی پڕ لە بەختەوەری و یەکسانی و دادپەروەری بە هەمووان.

جیهاد موحەمەد
٢٧/١٠/٢٠١٧ /

کێیلەی میدیا … ئاری زیندینی

(راگەیاندن _ میدیا) , گەر نەڵێم بووەتە (ڤایرەس) هیچی کەمتر نیە لە (ڤایرەس) لەگەڵ ڕاستیزم بێ (میدیا) و میدیایی پڕۆفیشناڵ و میدیایەك بە ئەرك و بەرپرسیارێتی هەس, (میدیا) لەو سەردەمە دەتوانێ نەك دەخی هاوڵاتی ومرۆڤەکان بشێوێنێ بەکو دەتوانێ دەخی وڵات وهەرێمێك بەتەواوی بشەژێنێ و سەرلەبەری ئاڵۆزبکات, میدیاوڕاگەیاندن لە ئەساسەوە بێ ئەوە دروست نەبووە کە ئەمڕۆ دەیبینین کە دووركەوتەوە لە ئەرکی (ئەخلاقی- کۆمەڵایەتی- سیاسی- ئابووری- مرۆڤایەتی- فەرهەنگ وڕۆشنبیری) کە ئەرکی سەرەکی (میدیاوراگەیاندن) بێ ئەمانە دروست بووەوهاتەتە کایەوە بەڵام لە جیهانی ئێستایی بسەروبەری کە هەموو ئایدۆلۆژیاوسیستەمەکان لە وڵاتان لێی بەرپسیارن تەنهاوتەنها بێ مەرامی تایبەتی خۆیان (میدیا) بەکار دەهێنن وبازرگانی پێوە دەکەن ! (میدیا-راگەیاندن) لە سەردەمی ئێستادا بووەتە کەرەسەوچەکێکی زۆر گرنگی بەدەست کەسەکان ودەسەڵاتداران وکۆمپانیاورکخراوحیزبەکان ! تاکو مرۆڤەکان (کێیلە) بکەن بێ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن ! بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکی داخراو نا مەدەنی لە سەرتاسەری جیهان بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی نامەدەنی لەباشوری کوردستان(هەرێمی کوردستان)! (میدیا) لە باشوری کوردستان نەك ئازادە بەکو (بەهایە) نەك بەئاشکرا بەکو بەزۆر خێی خزاندەتە ناو ئەقڵی مرۆڤەکان و بەلایدابردنی مرۆڤەکان وشاردنەوەی راستی وسەرلێشواندنیان ! ئەمەش بەپاڵپشتی دارایەکی زۆروحیزبی ! نە

سەندیکایی ڕۆژنامەنوسان ونە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرەم توانایی دەسەڵاتی بەسەرەوەیان نیە! بەمیزاجی خۆیان مرۆڤەکانیان کۆیلەودەستەمۆکردووە بۆ خزمەتی بازرگانی وئایدۆلۆژیایی تایبەتی (میدیا), بەتایبەت ئەو کەنال ومیدیا حیزبیانەی دەسەڵاتدارن ودارایی بەهێزیان هەیە!

لەباشوری کوردستان هاوڵاتیان بوونەتە کۆیلەی سەرسەختی کەناڵە میدیاکان(تەلەڤزیۆن- رادیۆ- ڕۆژنامەوگۆڤارەکان-سایتەکان) هاوڵاتی وتاکی وا هەیە تەنیا یەك کەنال ومیدیا بەباش دەزانێ بۆژیانی خۆی ئەوانیتر 100% ڕەفز دەکاتەوە ئەڤی وا ئاهاتووەووا تێگەیشتوە یانیش لە ترسی حیزبەکەی بەلای ئەوانیتر ناچێ! یانیش هەرخۆیی ئەم کۆیلەتیەی میدیایی هەبژاردووە مەرج نیە حیزبیش بێت! (کۆیلەی میدیایی) نیشانەی زەقی نەبوونی ئازادی تاك و نەبوونی ڕۆشنبیری لای تاکە هەرخۆی میدیاکەش ئازاد نیە لە ئەساسەوە ! ئەرکی میدیا لە باشوری کوردستان ئەوەنیە هەرکەسێك قسە بکات پەخشی بکات راست یان درۆ یان دواتر چی روودەدات ! هاوڵاتی تەنانەت بەپرسی باڵا لە حیزبەکان لە راگەیاندنێك لێدوان دەدات لە راگەیاندنێکیتر لێدوان وقسەیەکیتر بەلای ئەو ئەوە سیاسەتەو بەلای راگەیندنەکەش ئەوە کاری راگەیاندنە! ئەسڵەن راگەیاندن دەبێت پاکسازی بکات لەم جۆرە لێدوانانە بەدوایی ئەوە بێت کامەی راستە بەتایبەت گەر پرسێکی نیشتمانی بێت.

بەم دوایە (میدیا) لە باشوری کوردستان بە خراپترین ئەرك هەسا لە تێکدانی باری دەروونی خەڵك , هاوڵاتی وا هەیە بەقسەی راگەیاندنێك ئاوارەوسەرگەردان بووە ماڵ و حاڵی خۆی بەجێهێشتووە, راگەیاندن لە کوردستان بووە هۆی ئەوەی پشمەرگە لەکەداربکرێت وشاروگوندوشارۆچکە بەجێهێڵرا بۆ دوژمن ! لە باشوری کوردستان ئاستی راگەیاندن زۆر نزمە هۆکارەکەشی ئەوەیە نەبوونی کادری لێهاتووپڕۆفیشناڵ وگەندەڵ و ئەڤە لە گوڵی حیزب وبەرژەوەندی تایبەتی سەرباری بارایی باش و تەکنۆلۆجیا نەتوانراوە نمونەیەکی جوان وسەردەمیانەی (میدیا) پشکەش بکەن وایی لێهاتوە خەڵك رۆکی زۆری لە (میدیا) هەیە بە دوژمنی خۆی دەزانێت ! هەرکەمەڵە هاوڵاتیەك دوژمنایەتی لەگەڵ راگەیاندن پەیداکردووە !

ئۆکتۆبەر، ئۆکتۆبەر ناتیق و چارسەر

لە یادی (100)ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزندا، بۆکە و فلیمی دیکۆمێنتاری و چالاکی جۆراو جۆر، ئۆکتۆبەر زیندوو دەگرین.

پانێڵێک بۆ ناونیشانەکە:

* کاریگەریەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر پرسی ژنان و خۆشگوزەرانیەکانی کۆمەڵگا.(لاوژە جەواد)
* کاریگەریەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر گەلانی ژێردەستە ناوەڕاست.(گەران هەڵبجەیی)
* شەرشی ئۆکتۆبەر، 1958ی عێراق و 2017 ی کوردستان.(نادر عبدولحەمید)

ژانر: یەکشەممە
کاتژمێر: 14 – 18
بەکوت: 5-11-2017

ناونیشان:

Taastrup Medborgerhuset
Taastrup Hovedgade 71
2630 Taastrup
بۆ پەیوەندی ، 40318544
دەستەی سەرپەرشتی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە دانیمارک

بەرزانی، چیکرد؟! … ئەرسەلان مەحمود

لەم سەروبەندی بەکتایی هاتنەی جەنگی دژە داعشدا، بارزانی هەر دەبوایە بەو خەرایی و پتاوییە، بژاردەیەکی نوێ بهێنتە ئاراوە، بگومان تا لەگەیەوە بتوانێ ئەو پگەیەی هەیەتی، لەو ناساییەی

تێکەوتووە دەربازبکاو، بەرگێکی دیداو لەفەرمکی تردا هەوایەتی بداتەوە بەمانەوەی خۆی!

• ئەمە چۆن؟

لەراستیدا، ئەوەی مانەوەی بارزانی تا ئێرە لەمەیدانکەدا هەشتووەتەوە، ئیجماعی نەتەوەیی و زۆرویەتی نیشتمانی نەبووە نیە، هەڕەتقانی داعش و کە دەنگییە بەرژەوەندیگەرا هەرمایەتی و دەولیەکە بوون!

ئاخر هاوڕاتی بەئاگاو خوێندەری هەشمەند، بیریانە ئەو کاتانەی پاڵمان دەیگوت بۆ، لەبەر ئەوەی ماوە یاسایەکەت تەواو کردوە، بارزانی لەبەرامبەردا پاڵمانکەی داخست!! بیریانە ئەو کاتانەی خەڵکی دەیانگوت بۆ ئیتر، ماوەی سەرکایەتییەکەت بەسەرچووە، بەڵام لەبەرامبەردا، تورکیا ئامای کوردستانی بە لەئانکارا دادەناو، ئێران خوازریاری پشوازیکردنی بوون و، هەر هەژەو سەرۆك وەزات و شاندێکی فەرمی ئەورووپایی و ئەمریکی و خەرئاوای دەهاتنە هەولێرو، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد!! وەك ئەوەی هەر هیچ ڕوینەدابە و، نەبای هاتبە و نەباران!

لەبەر ئەوە، بارزانی بەر لەتەواو بوونی گەمەی داعش و، پێش ئەوەی حزب و هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەهەژمار بێنێ سەر هەست لەبەرامبەریدا، دەبوو بژاردەیەکی نوێ بهێنتە هەژموە، هیچ بژاردەیەکیش بەهێندەی" ڕیفراندەم " نەیدەتوانی ئاوا بەخەرایی جەرە ئیجماعییەکی گەلی بە دروست بکاو، لایەنە سیاسیەکان ئیحراج بکات!!

ئەو دەمانەی دەرو دراوسێ و دنیا دەیگوت: نەکەی، نابێ و نەخێر کاتی نییە، ئەوان شوێنکیان ژانیدەکرد، بارزانی زەر ورد لەمە تێدەگەیشت، بەڵام ئەو شوێنکی تری لەئازاردا بوو، ئەکید گەر هیچ مەترسییەکی لەسەر خۆی شك بردبا، هەرگیز وەها سەرهەڵدانێکی نەدەکردو، سەرچیخ نەدەچوو !

• ئێستا چی؟

بارزانی ریفراندەمکەی کرد، مەرزەکان، فرگەکان، پێوەندییە هەرمایەتی و دەولیەکان، بێکەوە لەسەر کورد داخران، سەدان پشمەرگە شەهید بوون و بوونە قوربانی و، سەدان هەزار کورد لەکەرکوك و ناوچە جێناکۆکانەوە ماوەتەوە ئاوارە و دەربەدەرو شکۆ شکاو هاتنە دەرەوە، ئاگرکی گەورە بەردرایە ناو ماڵی یەکێتیی، سەدا

پەنجاو یەکی خاکی کوردستان/باشور، لەدەست درا، زیاتر لەپەنج سەدو بیست و یەك بیرە نەوت و سەرچاوە دارایيە سیادیيەکانی تری هەریم و، تەواوی ئەم جوگرافیایە ئادەست بەحکومەتی عیراقی کرانەوە، ژاوە ژاوو سەرئەشیەکی زەر کوتە ناو مالی کوردیيەوە، ئەمە بەجارەك کەم جار ڕوکەوتووە کورد لەوسەر بە هەتا ئەوسەری نیشتمانەکەی، لەبەرامبەر ئەوەی بەسەریدا هاتووە هەندە هەست بەشکان و دەرون ڕوخان و لەشکە دراوی بکات، سەدان کەسایەتی و تەکەشەر درانە بەر تانەو تەشەر!!

• **دواجار :**
بارزانی جگە لەدەرکردنی دو بەلاغ و بەاوکراوە، ئاستەوخۆ بەوشیەك چیيە نەهاتە دەنگ، لەبری دەست لەکارکەشانەوە، کەوتووە هەوەدان، میدیا کەوتەوە کار، خەڵکانی لەتاراوگە هەنایەوە سەر جادەی بەسەدان ڕۆژنامەوانی غەیرە کورد ڕەشوڕوخوراو کران و ئاستەکران، ئیسرائیل لەبری تیارکانی، لەبری بەدەنگەوە هاتنکی فەرمی، ژێر بەژێر کەوتەوە هەوڵی ئیستغباراتیيەکانی، عیراق گەیشتەوە دوا سنورکانی دو هەزارو سێزدەو مەرزو فۆگکانی خستنەوە ژێر ڕکەفی خۆی، ئەمریکا هاتەوە مەیدانکە، ئیران ئیستەی بکردەواکانی کرد، تورکیا نەرم و نیان بوویەوە، شاندی مفاوزات لەبری سیادی و سیاسی و پاڵمانی، ئەمنی پکهێندراو هەفتەی دادە موسە دەبەتە وەستگەو شوێنگەی دیدارکانی!

• **سەرئەنجام:**
دامەزراوەی سەرکایەتی هەرەسم تەجیمید کرا، ئەسەڵەن هەر هەڵدەوشێندرێتەوە، چونکە هەم دوای بارزانی بوار نادرێتە کەس شوێنکەی بگرێتەوەو، هەم موهیممیەکی تر بەهەمان دەسەڵات و شمولیتریش لەئارادا هەیە، ئەستا بارزانی نامەیکی ناردوەتە پارلمان، دەخوێندرێتەوەو پەسند دەکرێت، بەڵام جگە لەوەی خەی وەك فەرماندەی هەزە چەکدارکان دەمێنێتەوە، بەیاساش دەبێت وەك ئابەرو مەرجەعی کوردو کوردایەتی ئابسپەردرێت!!

• **پرسیار:**
ئایا وجودی بارزانی، هێندەی دەستهات هەبووە، تا لەپێناو مانەویدا ئەوەندەی لەسەر بەقوربانی بکرێت؟ ئایا حزب و هەزە سیاسیەکانی کوردستان هەروا بەباك و خەمسارد دەبن لەبەرامبەر دەستگرتن بەوەها وەقیعەکی سەپێندراوداو؟ مەگەر سیاسەت هەروا بەخاترو خوایشت دەکرێت؟ ئەرە ئەم شەرمنیە چیيە بەرکی گرتوون؟

ئەم نهێنییە چییە مەسئولیەت و ئیحراجی پێوە نەهێشتوون و لەسەر هێگرتوون؟ دەبێ هەر هیچ هەست بەهەرزان بازاڕی نەکەن؟!!

سیناریۆکانی ڕوبەڕو بوونەوەی ئەم بار و دۆخە! … عەبدوڵا ساڵح

کوردستان بە قۆناغێکی دژوار و پڕ مەترسیدا تێپەڕ دەبێ ، بارو دۆخی دوای ١٦ ئۆکتۆبەر ئەم ناوچەیەی خستە بەردەم کەمەڵك ئاڵۆزگێی ڕیشەیی، هەنگە ئاکامەکانی یەك لەدوای یەك دەرکەون، نامەکی ئەمڕۆی بارزانی بۆ پەرلەمان – وەك نمونە .
یەکێك لە یاریکەرە سەرەکیەکانی ئەم گۆڕەپانە یەکیەتی نیشتمانی ، یا دەقیق تر بڵێین باڵکی ناو یەکیەتی بوو ، هەرکەس بەسیاسەتی ئەم باڵە بڵێ خیانەت یا موئامەرە ئەوا لە سروشت وسیاسەتی ئەحزابی ناسیۆنالستی کوردی ، بەتایبەتی یەکیەتی و پارتی ، نەگەیشتوە یاخود سادەو سەتحی بیر لەسیاسەتەکانیان دەکاتەوە . ئەم سیاسەتەی باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی لە ناو یەکیەتیدا بەردەك بوو بە دوو ئاراستەدا !

یەکەم / ئەوان دۆنیا بوون لەوەی پارتی بڵێتە تاکە حزبی باڵا دەست لەکوردستاندا وهەنگاو دەنێ بەرەو سەرکەوتنی ڕیفراندۆمەکەی خۆی و فەزای کۆمەڵگاشی بە جۆرێك شەحن کردوە تەنانەت نەیارەکانیشیان ناتوانن بە بەڵێ دەنگ نەدەن ،ئەم جوڵاندنی شەقامە ، ئەو حیزبە، وە بەتایبەتیش سەرکەکەی دواتر وەك (پاڵەوانی قەومی) وێنا دەکا ، ئەگەر لەم هەل ومەرجدا فریای لەباربردنی نەکەون هەنگە دووبارە بوونەوەی ئەم دەرفەتە بۆ شکستهێنان بە بارزانی لە نزیك ماوەدا ئەستەم بێ .

دووەم / کورسیەکەی جەلال تاڵەبانی چۆڵە! ئەگەر ئەو بنەماڵەیە فریا نەکەون ئەوا پێ پارتیەکانی نێو یەکیەتی ، بەتایبەت – کۆسرەت هەسوێ ومەلا بەختیار – ئەو هەلەی باڵا دەستی پارتی دەقۆزنەوە و کێشەکانی نێو ماڵی یەکیەتی بە قازانجی خۆیان دەشکێننەوە بەرەو

کورسیه چەکه ، وه یاخود باڵ باڵنی نۆو یەکەتی ئیدامەی دەبێت که ئەمەش لە بەرژەوەندی پارتیەو دەرفەتی جێگیرکردنەوەی کورسیەکەی تاڵەبانی بێ ئەوان سەختر دەکا ، ئەم باڵەی ناو یەکیەتی، وەك سروشتی ئەحزابی ناسیونالستی کورد، بەبێ گوێدانە هیچ بەرژەوەندیەك جگە لەبەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و بنەماڵەیی خۆیان ، ئەم سیاسەتەیان پیادە کرد ، هەر وەك چۆن پارتیش بێ هەمان بەرژەوەندی ٣١ ی ئابی پیادەکرد ، ئەم شکستە مێژوویەی ئەمڕۆ بەرهەمی پرسەیەکی ٢٦ ساڵیە کە ڕیفراندۆم دوا پەردەی بوو ، ئەو قەترەێ بوو کاسەکەی پڕکرد .

دوای ئەم ڕوداوانە ، حیزبەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەر یەکەیان پەرچە کردار و ئەتەرناتیڤی خۆی خستە ڕوو، دیارترینیان (حکومەتی ڕزگاری نیشتمانی) یە لە لایەن گۆران و کۆمەڵ ! فەشەلی ئەم مەدڵە لە بەدیل ڕونکردنەوەی زۆری ناوێ ، ئەم حوکمەتی ڕزگاری نیشتمانیە ، ئەگەر سەربگرێ ، تاکەهەیەك دەبێ لە نوێنەرانی هەمان ئەحزابی مەوجود کە پێشتر لە بنکە فراوانەکەدا بەشدار بوون، بە جیاوازیەکەوە کەگۆڕینی دەم و چاوەکانە، دەنا سیاسەت هەر هەمانەو دەرئەنجامیش لەوە باشتر نابێ .

گۆڕانێك کە بە نزیك یەك ملیۆن دەنگدەرو ٢٦ کورسی (پەرلەمان) لە پرسێکی چارەنوسازی وەك ڕیفراندۆمدا لە دوا ساتەکانی ئەنجامدانی ئەو پرسە سیاسەتی (هەلور بلور)ی گرتە بەرو ڕووکخەرە گشتیەکەشی پێشەنگی ئەو سیاسەتە بوو! ئاخۆ بەم سیاسەتە شەل و سەقەتە دەتوانێ لە ژێر باری ئەم هەل و مەرجە سەختەدا بێتە دەر ؟ کۆمەڵیش کە تا ئێستا بەشدارە لەم حوکمەتی مەوجودە مەگەر بە دوعاو نوشتە بچێتە پای (ڕزگاری نیشتمانیەوە) ، بەرهەم ساڵحیش کە شانسی خۆی لە حوکمڕانی کوردستان تاقی کردۆتەوە ، وە ئەم ٢٦ ساڵ شکست و فەشەلە پرسەیەك بوو ئەویش بێ پشك نەبوو تیایدا .

(نەوەی نوێ) کەی شاسوار عەبدولواحدیش ، ئەگەرچی دەنگێکی نوێ یە و لە غیابی سەر و سەکتی ئەو هێزانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیون دەزانن هەڵتەقی ،وە بە پاڵپشتی دەزگایەکی زەبەللاحی ئیعلامی و سەروەت و سامانێکی زۆر ، بەڵام ڕۆگا چارەکەی لە چوار چێوەی هەمان مۆدیلی حوکمڕانی ناچێتە دەرو ناتوانێ بچێتە دەر ! ئەوەتا لە قسەکانیدا موژدە دەدا بە گەنجان کە : دەتوانن هەموتان وەك من ببنە ملیۆنێر !!

ڕیفراندۆم هەر وەك چۆن کۆمەڵگای کوردستانی شەق کرد ، چەپ و

کۆمونیستەکانیشی کردە دوو بەرە ، بەرەی بەڕێ لەلایەك و بایکۆت و نەخۆریش لەلاکەی دیکە ، ئێستا کە ئەم هەل و مەرجە هاتۆتە پێش بەرەی بەڕێ ئەلتەرناتیڤکی جیاوازتر لەوەی پێشتر دەیانخستەڕو بانگەشە ناکەن ،مەگەر (ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان)ە کەیان نەبێ !. ئەمانە هەر لە سەرەتای پێکهاتنیانەوە بانگەوازی خۆڕکخستن لە شۆنی کار و ژیان و جیا کردنەوەی ئیزی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئیزی ئەحزابی بۆرجوازی و پێکهێنانی شوراو خەبات بۆ ئامانجینی ئەم دەسەڵاتەیان وەك شیعار بەرزکردۆتەوە ، – حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان – وەك نمونە . کەس شکی لە دروستی ئەم شیعارانەدا نیە ، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا هەر لە چوار چێوەی شیعار بەولاوە تر نەچووە !
بەرەکەی تر بە پشتبەستن بە باشتر ناسینی خسڵەتی ناسیۆنالیزمی کورد و نە چوونە پای ئەم ئیفراندەمە شکست خواردوە، هەمان ئەو شیعارانەی باسم کردن بەرز دەکەنەوە بەدەنگکی زۆرالتر وپێداگری لەسەر هاوچارەنوسی لەگەڵ باقی کرێکار وزەحمەتکێشانی عێراقداو سەپاندنی کۆمەڵك ئیفڕرم – ناوەندی خەباتی کرێکاری و جەماوەری – وەك نمونە . بەشکیشیان مودێلی – یە پە گە – وەك ئەلتەرناتیڤکی سەرکەوتوو دەخەنە بەر چاو .

دەنگکی جیاواز لە هەموو ئەوانە هەیەکە لە داخی دەسەڵاتی گەندەڵی کوردی، پێیان وایە باڵا دەستی عەبادی لە کوردستان و ئامانجینی دەسەڵاتی کوردی لانی کەم گوزەران و ژیانی خەڵك باشتر دەکا ، ئەم بۆچونە نەك زۆر سەقەتە بگرە زۆر خەتەریشە ، ئەم حوکمەتەی بەغدا لە ٢٠٠٣ وە تاکو ئەمڕۆش نەیتوانیوە لانی کەمی ژیان وگوزەران و خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بۆ دانیشتوانی ناوەڕاست و خواروی عێراق دابین بکا ، چجای بۆ کوردستان ! خەتەرە گەورەکەش لەوەدایە پەلامارەکەی بەغدا بەرەو لەبار بردنو سەندنەوەی تەنانەت هەموو ئەو دەسکەوتە کەم وکوڕانەش کە بۆ خەڵکی کوردستان تاکو ئێستا دابین کراوەو چونەوە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی تایفی شیعە و قەومپەرستی عەرەبی واتە دابەزین بۆ کلکی مارەکە لە گەمەی مارو پەیژەدا .

خەڵکی کوردستان ئەرکی دەسبەجێیانە ئەمڕۆ بوەستنەوە بەرامبەر شاڵاوی دێندانەی هێزە عێراقیەکانی سەر بە دەوڵەتی مەرکەزی کە پشقەرەوێیان هێزکی تایفی قەومی فاشیستی چەنگ بە خوێنی وەك (حەشدی شرعبی)یە ، ئەم هێزە کە ڕاستەوخۆ فەرمان لە دەوڵەتی کۆنەپەرست و فاشیستی جمهوری ئیسلامی ئێران وەر دەگرێ بە شیعاری –

شەلم کوڕم کەس نابوڕم – خەریکە هەمان سیناریۆی پاکتاوی ڕەگەزی و تایفی دەسەڵاتدارانی پێشوی عێراق دووبارە دەکاتەوە ، هەرشە دەندانەکەیان بێ سەر خەڵکی کورد زمانی دوزخورماتو وە کەرکوك – وەك نمونە .
دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیونالیستی شکستخواردوی کورد لە ئێستادا ئامادەی هەموو سازشێك و چۆکدادانێکن لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی بەغدا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان . لەبەرامبەردا پێداگری حکومەتە تایفی وقەومیەکەی بەغدا لەسەر هەرچی زیاتر پاشەکشەکردن بە (دەسەڵاتی کوردی) ترسی ئەوە دەنێتە کایەوە کە باڵی شومی ئەم حوکمەتە دووبارە بکشێتەوە بەسەر کوردستاندا لەبەرامبەر زەبوونی و بێدەسەڵاتی حیزبە کوردیەکاندا ، بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەك بەرگری لەو سیاسەتە کۆنەپەرستانەی حکومەتەکەی عەبادی بکرێ و ئەم دەسەڵاتە کوردیە ئێکسپایەرەش کۆتایی پێ بێت ، بیر کردنەوە لە سیاسەتێکی عەمەلی و مومکین کە ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و فاشیلە کۆتایی پێبێنێ و دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی خەڵك بەرقەرار بکا ، میکانیزمەکەی پەروەندەیەکەی کراوەیە دەکرێ قسەی زیاتری لەسەر بکرێ ! نابێ ئەوەشمان بیرچێ کە ناوچەکە لە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی سیاسی گەورەدایەو بێشك کوردستانیش دەگرێتەوە و یەکێك لە کاردانەوەکانیشی سنوردانانێك دەبێ بە ئەم دەستدرێژی و لوتبەرزیەی حکومەتەکەی عەبادی .

2017 / 10 / 29